# ناساندنی پارێزگای کرماشان

نوسەر:عەلی قەنبەری

**بەشی یەکەم**

پارێزگای کرماشان یەکێ لە پارێزگا گەورە وە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە پانتاییەکەی ٢٥ هەزار کیلۆمتری چوارگۆشەیە وە ژمارەی دانیشتوانی (ساڵی١٣٨٥ هەتاوی)١٨٧٩٣٨٥ کەس، وە دەبێ ئێستە نزیک بە دوو میلیون وە سێسەد هەزار کەس بێت (زیاد بوونی ڕێژەکە بە پێی ستانداردی جیهانییە کە ٣%). ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم پارێزگایە بەهۆی شەڕی ئێران وە عێراقەوە خەسارەتێکی زۆری بینیوە، زۆر شار وە گوندی وێران کراوە وە دانیشتوانی زیاتر لە ٢٠٠ گوندی کە بە زۆری خەڵکی سنوری ناوچەکانی زەهاو، سەرقڵا، جەیران، قوبادی، قەسری شیرین، سەلاسی باوەجانی، قەڵخانی و گۆران، سەر پێلی زەهاو، تاوگۆزی، کلاشی، ئێناخی وە...هتد بە تەواوی چۆڵ وە خەڵکەکەی لە دوو کاتی جیاوازدا ئاوارەی، لە پێشدا باشووری کوردستان وە دواتر ڕۆمادیەی عێراق بوونە کە هێشتا نیوەی زیاتری ئەم خەڵکە کە بە دەیان هەزارکەس مزەندە دەکرین یان لە باشوورن یان لە هەندەرانن. (ئاوارە بوونی ئەم خەڵکە لە بەر دوو هۆکار بووە، یەکەم هۆکار فتوای جیهادی ئایەتوالله خومەینی لە دژی گەلی مافخوازی کورد وە دووهەمیشی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئیران وە عێراق بوو. بێجگە لە ئەمانەش چەند هۆکارگەلێکیتر هەبووە کە دەکرێت لە کاتی خۆیدا باسی لێوە بکرێت). جگە لە ئەمانە بە هۆی نەبوونی دەرەتانی ئیش وە کار خەڵکێکی زۆری ئەم ناوچەیە بۆ شوێنەکانیتری ئێران کۆچیان کردوە بە ئەوهیوایە کە کارێک وە دەست بەخەن بۆ بژێوی ژیانیان. ئەڵبەتە ئێستە بەشێک لە ئەو دێهاتانە کەم تا زۆر ئاوەدان بوونەتەوە وە زۆر گوندیش هەن کە هێشتا ئاوەدان نەبووەتەوە.

لە باریی مێژووییەوە، کرماشان مێژوویەکی کۆنی چەند هەزار ساڵەی هەیە .ئەم ناوچەیە پێش لە ئیسلام پایتەختی دووهەمی ساسانیەکان بووە. چەندەها ئاسەواری کۆنی دەورانی لۆلۆییەکان، گۆتییەکان وە ساسانیەکان لە ئەم ناوچەیەدا ماوەتەوە، وەک پەرەستشگای ئاناهیتا لە بێستون، تاقوەستان لای شاری کرماشان، پاتاق لە لای سەرپێلی زەهاو وە...هتد. (لە ئەم دوو جێگای دواییەدا چەندها وێنە وە نیگار لە سەرکێوەکان وە تاشە بەردەکان کێشراوە کە مێژوەکانیان بۆ ٤ تا ٥ هەزار ساڵ پێش دەگەڕیتەوە).

کرماشان لە مێژوودا چەند جار تووشی نێو گۆڕین بووە، کارمیشین، کرمینشان، کرمانشان، کرماشان، کرمانشاه وە ئاخرین جاریان ٣٢ ساڵ پێش ئێستە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بوو، کە ئەوەڵ قارەمانشار وە دوایی نێوی باختەرانیان لێنا، بەڵام ئەو نێوە قەد جێ نەکەوت وە کرماشان هەر بە کرماشان مایەوە تا ڕژیم ناچاربوو کە جارێکیتر بە فەرمی نێوی کرماشان لە جێگای باختەران دانێتەوە. پارێزگای کرماشان جگە لە ئەوەی خاوەنی نەوت وە چەند کارخانە وە کارگەیەکی گەورەو بچووکە، لە ڕوی ئاژەڵداری وە کشتوکاڵیشەوە زۆر دۆڵەمەندە، بە جۆرێک ئەو بەرهەمانە کە لە ئەو ناوچەیە وە بەرهەم دێن زۆر زیاتر لە ئەوەیە کە لە ناوچەکەدا مەسەرف دەکرێت. ڕۆنی حەیوانی وە شیرینی کرماشان لە ئێراندا زۆر بە ناوبانگە وە کڕیاری یەکجار زۆرە

پارێزگای کرماشان پێکهاتووە لە ١٤ شارستان کە گەورەترینیان شارستانی کرماشانە کە پتر لە یەک میلیون دانیشتووی هەیە. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شارستانی کرماشان تا ڕادەی٩٧% کوردن (ئەگەرچی بە شێکیشی بە فارسی قسە دەکەن)، کە سەر بە ئایین وە مەزهەب، زاراوە وە هۆز وە تایفەی جیاوازن .زۆرینەی خەڵکی ئەم شارستانە بە زاراوەی کوردی کرماشانی واتە کەڵهووڕی دەپەیڤن وە سەر بە مەزهەبی شیعە وە ئاییینی یارین. بێجگە لە زاراوەی کەڵهووڕی کە زاراوەی کوردانی کەڵهووڕە ، بەشێکیتری خەڵکی ئەم شارستانە لەک ، جاف وە هەورامین. لەکەکان کە بێجگە لە کرماشان، لە شارستانەکانی هەرسین، کەنگاوەر وە سەحنە وە لە پارێزگاکانی لوڕستان، هەمەدان، قەزوین، خۆراسان وە چەند جێگایتری ئێراندا دەژین سەر بە مەزهەبی شیعە وە ئاییینی یارین .جافەکان کە سەر بە هۆزی جافن وە هەربۆیە پێیان دەڵێن جاف، سۆرانی زمانن وە سونی مەزهەبن. بێجگە لە جافەکان، کوردی سەر بە هۆزی ئەردەڵانیش لە کرماشان، ڕەوانسەر، کامیاران وە سنە دەژین کە بە سۆرانی دەپەیڤن وە سونیمەزهەبن هەروەها هەورامیەکانیش کە هەم لە کرماشان وە هەم لە هەورامان، لە شاری پاوە وە دەوروبەری دەژین سەر بە مەزهەبی سونین وە بە زاراوەی هەورامی دەپەیڤن .زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی شارستانی کرماشان لە ئەم هۆزانە پیکدێن: کەڵهووڕ وە زەنگەنە کە شیعەن، سنجاوی (بە زۆری یارسانی وە باقی شیعە وە سونین)، گۆران وە قەڵخانی کە یارسانین تا ڕادەیەکی بەرچاو لە کرماشاندا هەن، بەڵام بە زۆری لە ناوچەکانی کرند، داڵاهۆ، سەرپێڵ، گاوارە وە شاە ئاباد دەژین .هەروەها لە عەشرەتەکانی سەر بە هۆزی جاف، ئەدەلان، وە تا ڕادەیەکیش هەورامی لە شاری کرماشان دەژین کە سوننی مەزهەبن. لە گەڵ داوای لێبووردن لە خوێنەر، نەمتوانی سەرچاوە ببینمەوە بۆ لەکەکانی ناوشاری کرماشان تا بزانین سەر بە چیی هۆز وە تایفەیەکن. بەڵام لە بەر ئەوەی لەکەکان لە ئەساسدا سەر بە هۆز وە تایفەکانی حەسەنوەن، کاکەوەن. قولیوەن، قەیاسوەن، جەلالوەن، عۆسمانوەن وە یۆسفوەنن کە لە هەرسین، کەنگاوەر، سەحنە، لۆڕستان، هەمەدان وە چەند

شوێنێکیتری ئێران دەژین، دەبێت لەکەکانی کرماشانیش هەر سەر بە ئەم هۆزانە بن. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد لەکەکان کە خۆیان بە بێ هیچ دوو دڵییەک بە کورد دەزانن، لە باری ئایینیەوە شیعە مەزهەب وە یارسانین.

(کەریم خانی زەند وە لوتفعەلی خانی زەند کە لە سەدەی ١٨دا بۆ ماوەی ٤٦ ساڵ حکوومەتیان بە سەر ئێراندا کرد لە کوردانی لەک زمان بوون. کەریم خان لە گوندێکی نزیک شاری مەلایەرلە دایک بووە).

شارستانی کرماشان لە چەند بەشێک (بخش) پێکهاتووە کە بریتین لە :١- بەشی مەرکەزی کە بریتییە لە شاری کرماشان وە دێهستانەکانی بان دەروەن، پشت دەروەن، دورودفرامان، قەرەسوو، ناودەروەن وە رازئاوەر. ٢- بەشی فیرووزئاوا : دیهستانەکانی جەلالوەند، سەر فیرووزئاوا وە عۆسمانوەن. ناوەندی ئەم بەخشە شارەدێی هەلشییە. ٣-بەخشی مایدەشت: پێکهاتوو لەدیهستانەکانیی: چیا نەرگس (چقانرگس) وە مایدەشت. ناوەندی شارەدێی رەباتە.٤- بەخشی کۆزەران: سنجاوی وە حەفت ئاشیان، ناوەندی ئەم بەشە شارۆچکەی کۆزەرانە.

سەرەڕای ئەوەی ڕژیمە یەک لە دوای یەکەکانی دژ بە کورد ئاگر خۆشکەر بوون بۆ دووبەرەکیی لە نێوان کوردانی کرماشان، بەڵام بە خۆشییەوە تاکوو ئیستە شتێکی ناخۆش لە نیوانیان ڕووی نەداوە. زۆر ئاسایی پێکەوە دەژین وە زۆر جاریش یار وە یاوەری یەک بوون. ئەوەی ئیرادەی ئەو خەڵکە بە سەر باقی کیشەکانیتردا زاڵ دەکات مرۆڤبوون، کوردبوون وە هەر وە هاو چارەنووس بوونیانە. خەڵکی کرماشان خەڵکێکی زەحمەتکێش وە زۆر بە غیرەتن. بە دەگمەن قسەی زۆر قەبووڵ دەکەن. لە دەرەوەی کوردستان، ئەگەر هاتوو کەسێک بییەوی بێ حورمەتی بە کوردێک بکات حازرن خۆ لە سەری بە کوشت بدەن. بەڵام سەرەڕای ئەم وەسفە چاکانە کە باسیان لێوە کرا، هەن لە ئێرە وە ئەوێ خەڵکانێکی ناحاڵی کە لە قسە وە قسەلۆک هەلواسین، نووکتە دروستکردن وە تەنانەت بێحوورمەتی کردن بە ئایین وە مەزهەبی خەڵکانیتر خۆ نابوێرن. لە شاری کرماشاندا خەڵکی مەسیحی، جوو (جوولەکە) وە زەردەشتیش هەن کە سەدان بنەماڵە دەبن.

لە شاری کرماشان چەندین زانستگاە وە زانکۆ هەیە کە بریتین لە زانستگای رازی، زانستگای ئازاد ئیسلامی، زانستگای علومی پزیشکی، زانستگای پیشەسازی (صنعتی)، زانستگای پەیامی نوور وە چەندین زانکۆی دیکەش. کرماشان لە بەراورد لە گەڵ پارێزگا کوردنشینەکانیتری ئێران لە باری پیشەسازییەوە پێشکەوتووترە. لە ئەم پارێزگایەدا نەوت بەرهەم دێت،چەند کارخانەی گەورەو بچووک لە گەڵ چەندها کارگەی دیکە هەن کە بژێوی ژیانی کۆمەڵێک کرێکار دابین دەکات. لە ڕووی فەرهەنگییەوە زۆر کەسایەتی ناودار لە کرماشاندا هەڵکەوتوون، وەک شامی کرماشانی (شاعیر)، ئەبووئەلقاسمی لاهووتی (شاعیر وە سیاسەتوانی زەمانی مەشرووتە)، عەلی ئەشرەفی دەرویشیان (نووسەری پێشکەوتنخواز) شارامی نازری هونەرمەند. بێشک خەڵکی ناوداری ترهەبوون کە لە بوارە جیاجیا کاندا رۆڵیان گێراوە وە ئێستەش ڕۆڵدەگێرن..

لە ئەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەکردنێکی کەلتووری وە هونەری باش لە ئەم ناوچەیە دەستی پێکردووە. بە دەیان نووسەر. شانۆکار وە هونەرمەندیتر، لە بواری ئاواز وە گۆرانی، دەستیان داوەتە گەشاندنەوەی بواری خۆناساندنەوەی ئەم پێکهاتە کوردستانییەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان. دیارە ئەمە زۆر جێگای خۆشحاڵییە کەخەڵکانیکی تێکۆشەر هەن کە لە بەرانبەر پیلانی لە نێوبردنی زمان وە کەلتووری ناوچەکەمان لە لایەن کەلتوور وە زمانی دەسڵاتەوە، خۆبەخشانە هەوڵ دەدەن زمان وە کەلتووری خۆیان زیندوو ڕاگرن وە تەنانەت گەشەشی پێ بدەن. شتێکی دیکە کە دەبێ باسی لێوە بکرێت، تەئسیری ڕاگەیاندنە کوردیەکان وە تەکنولۆژیای پێشکەوتووی سەردەمە، وەک ساتەلایت، ئینتەرنیت، فەیسبوک، یوتووب، مۆبایل، پالتالک وە زۆر شتیتر کە کاریگەری ئەرێنی داناوە لە سەر هۆشیار کردنەوەی تاکی کورد، کە ناوچەکەی ئێمەشی گرتوەتەوە. دوایین چالاکی بەرچاوی کەلتووری زۆر دڵخۆشکەر لە یەک دوو مانگ پێش ئێستە هەمایشێکی (فستیواڵێکی) گەورەی لەکەکان بوو لە کرماشان کە بە بەشداری سەدان هونەرمەند وە نووسەر وە خەڵکی خاوەن هەست بەڕێوە چوو. لە ئەو فستیواڵەدا کە لە سەر فەیسبوکیش دانرابوو، پێداگری دەکرا لە سەر کورد بوونی لەکەکان، کە لانی کەم یەک تا یەکوو نیو ملیۆن کەس دەبن لە کرماشان، لوڕستان، هەمەدان وە تەنانەت لە شوێنەکانیتری وەک قەزوین وە خۆراسان دەژین. بۆ ئیسباتی وتەکانم خوێنەر ڕادەسپێرم لە ڕێگای یوتوب وە ماڵپەڕەکانی سەر بە کرماشانەوە زانیاری پێویست بە دەست بێنن .درێژەی هەیە، چاوەروان بن . سوید 31-1-2012 زایینی.

سەرچاوەکان :نەقشەی ئێران لە چاپدراوی ١٣٨٥ هەتاوی، ویکی پێدیا، یوتوب وە زانیاریە تایبەتیەکانی نووسەرە

لە بەشی یەکەمدا کورتەیەک لە سەر پارێزگا و شارستانی کرماشان باسکرا. لە ئەم بەشەدا دەچینە سەر شارستانی هەورامان

## بەشی دووهەم: هەورامان

٢ -پاوە یان هەورامان ئەم شارستانە کە دەکەوێتە رۆژئاوای کرماشان و هاو سنوورە لە گەڵ ناوچەی شارەزوورلە باشووری کوردستان، ژمارەی دانیشتوانی ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی واتە نزیک بە شەش ساڵ پێش ٥٢٧٨٣ کەس وە ئێستە دەبێ ٦٣ هەزار کەس یان زیاتریش بن. دانیشتوانی ئەم شارستانە بە دوو زاراوەی هەورامی وە سۆرانی دەپەیڤن وە هەموویان سەر بە مەزهەبی سونی شافیعین. هەورامییەکان بێجگە لەئەم شارستانە کە سەر بە پارێزگای کرماشانە، لە سنووری شارستانی مەریوان تا نزیک شارەکانی سنە و کامیاران، بە دیوی باکووری کێوی شاهۆدا نیشتەجێن کە بە هەورامانی تەخت و ژاوەرۆ ناسراوە. لە گوند و شارە دێکانی ئەم ناوچەیەش دەکرێت بە سەوڵئاوا. تەنگیسەر، ئەوێهەنگ، نییەر، دزڵی و دەیان گوندی گەورە و بچووکی دیکە ئێشارە بکەین کە هەر وەک باسم کرد خەڵکەکەی بە زاراوەی هەورامی دەپەیڤن. سۆرانییەکانیش بێجگە لە هەورامان، شارستانەکانی جوانرۆ، سەلاسی باوەجانی و ڕەوانسەریش پێکدێنن. هەروەها یەکێ لە سێ پێکهاتەکەی شارستانی سەرپیڵی زەهاون، واتە لە گەل کوردانی کەڵهوڕ زمان (بە شیعە مەزهەب و یارسانەوە). سۆرانییەکان لە شاری کرماشان، شاری قەسری شیرین و کۆمەڵێک گوندی دەوروبەری و چەند گوندی سەر بە شارستانی داڵاهۆش ( ڕێژاو و چەند گوندێکی نزیک دەشتی کرند) نیشتەجێن، کە لە باری ژمارەی دانیشتوانەوە بەرچاوترین شوێنیان، ناو شاری کرماشانە.

ئەم ناوچەیە زۆر شاخاوییە وە زستانان زۆر ساردە .کێوی شاهۆ لە ناوچەی هەورامانەوە دەست پێ دەکات وە لە پشتی شاری ڕەوانسەر دوای مەودایەکی هەشتا، نەوەد کیلۆمتری کۆتایی پێ دێت کە نە تەنیا پێناسەی ناوچەکەیە، بەڵکوو هەزاران نێرمنداڵی کورد بە نێوی ئەو کێوەوە، (شاهۆ) نێونراون.

زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە ڕێگای ئاژەڵداری، بنێشت کردن ڕەز وە باخ، کرێکاری وە کاسبییەوە بژێوی ژیانی خۆیان وەدەست دێنن. بەشێکیش لە خەڵکی ئەم ناوچەیە هەر وەک شوێنەکانیتری کوردستان و ئێران لە ئیداراتیی دەوڵەتی کار دەکەن.

لە ڕووی سیاسیشەوە :هەر لە سەرەتای سەری کار هاتنی کۆماری ئیسلامییەوە، بەشێک لە خەڵکی هەورامان چاڵاکانە لە ریزی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵات (حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە) بە گەرم وە گوڕییەوە بەشدارییان کردوە. بە دەیان وە بگرە بە سەدان قوربانییان داوە هەر ئێستەش هەبوونیان لە نێو هێزە کوردییەکاندا بەر چاوە .ئەو کاتە کە ناوچەکە بە دەست هێزە سیاسیەکانەوە بوو، چەندەها ڕێکخراوی سیاسی کوردی و چەپی ئێرانی لە ئەو ناوچەیە مەقەڕاتیان هەبوو. ناوچە سنووریەکانی هەورامان، ئاخرین ناوچە بوون کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ هێرش بۆ سەر شارەزوور لە سالی 1988 زایینی، توانی داگیری بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە، (هەم سۆرانی و هەم هەورامی) سەدان کەسیان لە ڕێگای شۆڕشدا گیانیان فیدا کردووە، دەیان و بگرە سەدان کەسیتریان لە کادیر و پێشمەرگەی بە ئەزموون، بە خۆشییەوە لە ژیاندان کە لە داهاتوودا سەرمایەیەکی گەورەن بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک کە بێتە پێش لە ناوچەکە . بە داخەوە لە ناوچەی هەورامانیش هەر وەک زۆر جێگای تری کوردستان، خەڵکانی خۆفرۆش و بەرژەوەندیخواز هەبوون کە پاڵیان دا بە ڕژیمەوەو لە دژی هێزی پێشمەرگە چەکیان هەڵگرت.

ئەشکەوتی قۆڕییقلا لە گەڵ هەبوونی سەراوێکی گەورە لە ئاوی سارد وە چەندین کەبابخانە وە چێشتخانە لە ناو باخ و باخاتدا، ساڵانە هەزاران گەشتیار بۆ ناوچەکە ڕادەکێشن. ئەگەر چی قۆڕییقلا سەر بە شارستانی جوانرۆیە بەڵام لە سەر ڕێگای کرماشان- ڕەوانسەر- جوانرۆ- پاوە هەڵکەوتووە کە زۆر لە شاری پاوە نزیکترە. سەراو هەوڵی ئەم شارە بە تایبەت لە هاویناندا، جوانییەکی بێ وێنە دەبەخشێتە شارەکە.

شارستانی پاوە لە سی بەخش پێکهاتووە کە بریتین لە: ١- بەخشی ناوەندی کە ناوەندەکەی شاری پاوەیە وە دوو دێهستانی هەیە، یەکەم: دیهستانی شمشێر کە لە ٨ گوندێک پێک دێت، هەموو سەر بە هۆزی جاف وە سۆرانین .دووهەم : دێهستانی هۆڵی کە لە١٢ گوند پێک هاتووە، پێکهاتەی خەڵکی ئەم دێهستانە هەورامی وە سۆرانین. لە ناو شاری پاوە بە زۆری هەرە زۆر هەورامین، بەڵام بە هۆی ئەوەی خەڵکێکی بەرچاویش لە گوندە کانی دەوروبەر هاتوونەتە نێو شار، پێکهاتەی سۆرانیش بەرچاون.

٢ -بەخشی باینگان کە لە دوو دێهستان پێکهاتووە: یەکەم: ماکوان کە لە ٦ گوند پێکهاتووە. دووهەم: شێوەسەر کە لە ١٢ گوند پێکهاتووە. ناوەندی بەخشی باینگان شارۆچکەی باینگانە. خەڵکی ئەم بەخشە هەموو سۆرانین وە بە زۆری سەر بە تایفەکانی زۆردۆیی، ئیناخی وە باینگانین. ٣- بەخشی نەوسود: ئەم بەخشەش لە دوو شارۆچکەی نەوسوو (نوسود) وە نۆدشە وە یەک دێهستان (دێهستانی سیروان) پێک دێت کە١٥ گۆند لە خۆ دەگرێ کە بە گشتی هەورامین وە زۆری سەر بە هۆزی لهۆنن. زۆربەی گۆندەکانی ئەم ناوچەیە کە لە سەر سنوور هەڵکەوتبوون لە گەل شارۆچکەی نەوسوود لە شەڕیی ئێران و عێراقدا وێران بوون وە چۆڵکراون. تا ئێستەش زۆر گوند هەیە لە بەر هۆکاری بوونی مین وتەقەمەنی دەورانی شەڕ ئاوەدان نەکراونەتەوە. ئەڵبەتە خودی ڕژیمیش ڕێگیرە لە ئاوەدان بوونەوەی ئە گوندانە. ناوچەی نەوسوود وە نۆدشە و ئەو ١٥ -٢٠ گوندەی دەوروبەری بۆ ماوەی ٥، ٦ ساڵێک یان بەدەستی پێشمەرگەوە بووە یان کەوتووەتە ژێر داگیرکاری حکومەتی عێراق (لە دەورانی شەڕدا). بۆ ئاگاهداری خوێنەر، ویکی پێدیا نیوی ئەو گوندانەی ناوچەکەی نەهێناوە کە هێشتا ئاوەدان نە بوونەتەوە، وەک گوندەکانی شۆشمێ سەر وە شۆشمێی خوار، گۆندکانی مەرمخێڵ، ژاڵە ئەو ناوچانە کە لە شەڕدا وێران کراون.

کەژێک بە بەرانبەر شاری پاوەیە بە ناوی ئاتەشگە. ئەم ناوە لە ئەوەوە هاتووە کە دەڵێن پێش لە داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن عەرەب وە ئیسلامەوە ئەو جێگەیە شوێنی پەرستشگای زەردەشتیەکان بووە کە هەموو کاتێک ئاگری ڕۆشن بووە (وەک مێژوو باس دەکات، کورد پێش لە ئیسلام زەردەشتی بووە).

گڵکۆی سوڵتانی ساق لە ناوچەی شێخان لە سەر ڕووباری سیروانە، کە شوێنێکی پیرۆزە هەم بۆ موسلمانان بە گشتی، وە هەم بۆ یارسانیەکان بە تایبەتی .جێگایەکی دیکە کە دەچن بۆ تەوافی، کۆسەی هەجیجە (پیری شالیار). گرنگی بوونی ئەم شوێنانە بۆ خەڵکی ناوچەکە ئەوەیە کە ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە ئەو ناوچەیە دەکەن. ئاوی سیروان کە لە پارێزگای کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ لە بەینی شارەکانی پاوە وە نەوسوودە وە دەڕوات وە دوای مەودایەکی کەم دەگاتە دەریاچەی سیروان لە نزیک شارەزۆر وە دەربەندیخان.

لە ئەم ئاخرانەدا هەوڵدراوە کە ڕێگای شۆشمێ- تەوێڵە لە هەورامانی ڕۆژهەڵات وە باشوور بکرێت بە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی بۆ گەشتیاری وە بازرگانی. ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەر بگرێت، بووژانەوەیەکی باش دەبێت بۆ ئابووری ناوچەکە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی خەڵکی ناوچەی هەورامان ئەوەیە کە لە ڕابردوودا لە ڕێگای کاری دەستییەوە زۆربەی پێداویستییەکانی ژیان، وەک جل وە بەرگ، کڵاش وە شتی نێوماڵ خۆیان دروستیان کردووە، ئەگەر چی ئێستە لەوانەیە ئەم شتانە زۆر کەم بایەخ بووبێتن.

گۆرانی وە ئاوازی ناوچەی هەورامان تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەبێت یان هەورامی بیت یان لە هەوراماندا لە دایک بووبیت تا بتوانی بە چریکەی زوڵاڵی هەورامانی گۆرانی وە سیاچەمانە بچریی. جگە لە هونەری گۆرانی لە هەورامان نووسەر وە شاعێرانی باشیش هەن کە هەوڵ دەدەن تا کەلتوور وە زمانی ئەم ناوچەیە بپارێزن. لە باری خوێندنی باڵاوە خەڵکی ئەم ناوچەیە پێشڕەفتێکی زۆر باشیان کردووە.

لە دەورانی دەرەبەگایەتییدا ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسلاتی بەگزادەکانی لهۆنەوە بووە کە دیاریترینیان جافر سوڵتان بووە کە بۆ ماوەیەک دەسڵاتێکی زۆری لە ناوچەکەدا هەبووە وە تەنانەت ماوەیەکیش لە حکومەتی ڕەزا شاە یاخی بووە.

یەک شتی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێ باسی لێوە بکرێت، نە بۆ کولاندنەوەی برینە کۆنەکان، بەڵکوو بۆ پێشگیری لە دووپات بوونەوەیان لە داهاتوودا.

هێشتا چوار، پێنج مانگێکی مابوو کە ڕژیمی مەحەمەد ڕەزا شاە بڕوخێ، خەڵکی شاری پاوە هەر وەک شوێنەکانیتری ئێران وە کوردستان دەستیان دابوو بە خۆپیشاندان دژ بە دەسڵاتی دژە مرۆڤانەی پاشایەتی، ئا لە ئەو کات وە ساتەدا سالار بەگی جاف کە نوێنەری مەجلیسی زەمانی شاە بوو، بە هاوکاری چەند کوێخا وە پیاوی ڕژیم، کۆمەڵێک خەڵک لە ئێرەو ئەوێ کۆ دەکەنەوە وە بە چەند ماشینەوە دەڕۆن بۆ سەر شاری پاوە، بە قەولیی خۆیان بۆ خۆپیشاندانی پشتگیری کردن لە ڕژیمی شاە. بەداخەوە تێکهەڵچوون ڕوو دەدات وە چەند کەسێک لە ئەو نێوەدا دەبنە قوربانی.

دووهەم ڕووداوی پیوەندیدار وە مێژوویی ناوچەکە کە شەڕی ڕژیم بۆ سەر کوردستانیشی لی کەوتەوە، ئا بەم شیوەیە دەبێت: پاش ڕووخانی ڕژیمی شاە وە ڕەخساندنی نیوە ئازادییەک (بۆ ماوەی چەند مانگێک) لە ئێراندا، لە شاری پاوەش جموجۆڵی سیاسی دەست پێ دەکات. حیزبی دیموکرات، کۆمەلە، ڕێکخراوە چەپەکانیتری ئێرانی و مەزهەبییەکانی سەر بە بیری ئەحمەدی مفتی زادە هەر یەکەو کار و چالاکی خۆیان دەکەن. چەند مانگێک ئا بەم شێوە تێپەڕ دەبێت .لەئەو ماوەیەدا بەشێک یان خەڵکانێک لە شاری پاوە بە بیانووگەلێکی جوراوجۆرەوە کە مەوزووعی باسەکەی من نییە، داوا لە ڕژیمی تازە بە سەر کارهاتووی ئیران ئەکەن کە بە قەولیی خۆیان بۆ پاراستنی ئەمنیەتی شارەکە، هیزی پاراستن (کە ئەو کات لە ناوچەکە بە مجاهید، کۆمیتەیی و پاسدار دەناسران) ڕەوانەی پاوە بکەن. کاتێک کە حیزبەکان و خەڵکی پێشکەوتنخواز بە ئەم پیلانە ئەزانن، مان گرتنێک لە ئاوایی قۆڕییقلا ڕێک ئەخەن و داوا دەکەن کە بە هیچ جۆرێک ئیجازە نادەن کە کۆمیتەیی و پاسدار لە شوێنەکانیترەوە بێتە شاری پاوە. خەڵکی شار خۆیان دەتوانن ئەمنیەت و ئیدارەی شارەکە بە ڕێوە بەرن. تەنانەت بێجگە لە ئەو مانگرتنەی قۆڕییقلا، دەڵین هەر بۆ هەمان مەبەست مانگرتنێکیتر لە نزیک ئاوایی نۆریاو ڕێکدەخرێ. دوای نزیک بە یەک هەفتە لە ئەم مانگرتنانە، ڕژیم مەلایەک بە ناوی حاجی ئاخوند لە گەڵ ئوستانداری کرماشان و چەند بەپرسێک بە هەلیکۆپتەرێک دەهەنێرن بۆ سەردانی مانگرتوان لە قۆڕییقلا بۆ بە ڕەواڵەت، گوی گرتن لە داخوازییەکانیان. بەڵام پاش گەڕانەوی هەیئەتەکەی دەوڵەت، لە جیاتی چارەسەرکردنی کێشەکان، بە هەلیکۆپتەر هێز ڕەوانەی پاوە دەکەن. کاتێک مانگرتوان بە هاتنی هێز بۆ شار ئاگاهدار دەبن روو دەکەنە شار و لە بەینی گوندی دوریسان و بیمارستانی شاری پاوە شەڕ لە نێوان جاش و پاسدار لە لایەک و خەڵکی مانگرتوو کە بە زۆری سەر بە هێزە سیاسیەکان بوون لە لایەکیترەوە دەست پێ دەکات. ئا بەم شیوەیە شەڕی پاوە دەست پێ دەکات وبە هاتنی خەڵخالی و چەمران بۆ شارەکە و ئیعدام کردنی چەند کەسێک لە دەڤەرەکە و دواتر دانی فتوای جیهادی ئایەتولل‌ا خومەینی لەدژی گەلی کورد، شەڕیی ڕژیم لە دژی گەلی کورد دەست پێدەکات کە تا ئێستەش ئەو شەڕە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر هەر بەردەوامە. هیوادارم کەسانێک هەبن کە بتوانن لایەنە شاراوەکانی هەموو ڕووداوەکان بۆ کۆمەڵگا ئاشکرا بکەن تا مێژوو غەدری لێ نەکرێت.

بێجگە لە ئەمانە کە باسکرا شەڕی ناوخۆیی، دیموکرات- کۆمەڵەش هەر لە ئەم ناوچەیە دەستی پێکرد. لە ئەم شەڕە خۆکوژانەدا کە بێجگە لە ڕژیمی ئیسلامی نەبێت کەسییتر قازانجی لێ نەکرد. بە دەیان ڕۆڵەی شۆڕشگێری ناوچەکە بوون بە قوربانی و شەڕەکەش کە هەر لە ئەم دەڤەرەوە دەستی پێکرد، بوو بە شەڕیی سەرانسەری، کە نزیک بە پێنج ساڵیی خایاند و سەدان قوربانیتری لی کەوتەوە .من لە ئەم بابەتەمدا ناچمە سەر لایەنەکانی ئەو شەڕانەی کە لە نێوان کۆمەڵە و دیموکراتدا ڕوویاندا، چوونکوو مەزووعی نووسراوەکەی من شتێکیترە. هیوادارم رۆژێک بێت هەر کام لە ئەو دوو حیزبە (کە ئێستە لەت لەت کراون) ئەوەندە شەهامەتیان هەبێ هەر لایەن و ددان بە هەڵەو تاوانی خۆیدا بنێت و داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی قوربانیان بکات. منیش بەش بە حاڵی خۆم تەمەنا دەکەم کە ئەو جۆرە ڕووداوە تاڵانە جارێکییتر دووپات نەبنەوە.

شارستانەکانی جوانڕۆ و ڕەوانسەر ٣ -شارستانی جوانڕۆ پێکهاتە، زاراوە، ئایین، ژمارەی دانیشتوان و جوگرافیا

## بەشی سێهەم

ئەم شارستانەش کە هەڵکەوتووە لە ڕۆژئاوای کرماشان وە هاو سنوورە لە گەڵ شارستانەکانی سەلاسی باوەجانی، ڕەوانسەر و هەورامان، شارستانێکیتری پارێزگای کرماشانە کە ژمارەی دانیشتوانی (ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی) ٦٢٧٩٧ کەس بووە، کە ئێستە پاش شەش ساڵ دەبێ نزیکی ٨٥ هەزار کەس بێت.

خەڵکی جوانڕۆ بە گشتی یان بە زۆری سەر بە هۆزی جافن کە بە زۆری( تا ئەو جێگاییەی نووسەر بزانێت) لە تایفەکانی (عەشرەتەکانی) جوانڕۆیی (مەنسوورئاغەیی، مەنووچەری، زێرانی، کلاشی، ڕۆستەمبەگی)، باوەجانی، قوایی (قوبادی)، وەڵەوەیی، تاوگۆزی وە بە دڵنیاییەوە خەڵکانیتری سەر بە هۆز وە تایفەی تریش هەن وە هەمووی خەڵکی ئەم ناوچەیە بە زاراوەی(جافی) سۆرانی دەپەیڤن وە سەر بە ئایینی ئیسلام وە مەزهەبی سونین .هەروەها عەشرەتەکانیتری وەک دڕۆیی وە نەگری لە شار و دەوروبەری شاری جوانڕۆ و لە بناری کێوی شاهۆ بە ئاژەڵداریەوە سەرگەرمن و لە هاویناندا لە سەر کێوی شاهۆ رەشماڵ (دەوار) هەڵدەدەن.

شارستانی جوانڕۆ لە دوو بەخش (شارۆچکە) پێکهاتووە: یەکەم، بەخشی ناوەندی (مەرکەزی). ناوەندی ئەم بەخشە شاری جوانڕۆ و دێهستانەکانی ملەپاڵنگانە (نزیکی ٣٠گوند) و بازانە (٣٥ گوند). دووهەم، بەخشی کڵاشە. ئەم ناوچەیش لە دوو دێهستان پێکهاتووە کە بریتین لە دێهستانی کڵاشی (١٧ گوند) و دێهستانی شەروێنە (١٧ گوند). داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم ناوی گوندەکان لە سایتی ویکی پیدیا زۆر تێکەڵ و پێکەڵ بوو. لە وانەیە ژمارەکان کەمتر یان زیاتر بن.

گەورە بوونەوەی شاری جوانڕۆ لە دوای شەڕی ئێران وە عێراق، و هاتنەوەی ئاوارەکانی شەڕ بوو لە عێراق، کە دوای ساڵانێک ئاوارەیی بەشێکیان گەڕابوونەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شارەکانی جوانڕۆ، کرماشان، ڕەوانسەر و سەرپێڵی زەهاو جێگیر بوون. لە زۆر جێگاش چوونەوە نێو گوندەکانی خۆیان.

جوانڕۆ لە ڕووی ئابوورییەوە

ئەگەر چی نووسەر زانیارییەکی دیکومەنتی لە سەر باری ئابووری خەڵکی ئەم ناوچەیە بە دەست نەکەوت، بەڵام لە بەر ئەوەی خۆم لە بنەڕەتدا لە ئەم ناوچەیەوە زۆر دوورنەبووم، دەزانەم کە بە تایبەت زۆربەی ئەو خەڵکە بێجگە لە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، کرێکاری، کاری ئیدارارتی دەوڵەتی وە کەسابەت شتێکیتریان نییە .خەڵکێکی زۆری ئەم ناوچەیە بۆ کرێکاری ڕوو لە شوێنەکانیتری ئێران دەکەن. ڕژیم هەر وەک شوێنە کوردنشینەکانیتر ئەم ناوچەیەیشی لە دواکەوتوویی ئابووریدا هێشتوەتەوە .لە ئەم ناوچەیە کارخانەیەک یان کارگەیەک نابینی کە بە لانی کەمەوە ١٠٠ کرێکار تێدا کار بکات!

جوانڕۆ لە ڕووی سیاسییەوە

ئەگەر چی لە سەرەتاوە خەڵکی جوانڕۆ بە پێی قورساییان، بەشدارییەکی زۆر بەرچاویان لەشۆڕشی کوردیدا نەبوو، بەڵام ئێستە وە بە تایبەت لە ئەم ساڵانەی دواییدا جمووجووڵی سیاسی و بەشداری خەڵکی ئەو ناوچەیە لە نێو حیزبە کوردیەکاندا زۆر بەرچاوە .لە سەر ڕووداوی کوشتنی گووماناوی مامۆستا مەلا موحەممەدی ڕەبیعی (پێشنوێژی مزگەوتێکی سونییەکانی شاری کرماشان) خورۆشانێکی گەورەی جەماوەری لە شاری جوانڕۆ ڕوویدا کە چەندەها کەس لە خەڵک وە هێزەکانی ڕژیم کوژران. ئێستە بە پێی ئەو هەواڵانەی کە دەگات، هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێری لە ناوچەکە زۆر لە ئاستێکی باشدایە .بۆ ئاگاداری خوێنەران ڕێکخراوێکی سیاسی بە نێوی یەکیەتی دیموکراتی کوردستان هەیە کە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتییەکەی خەڵکی ناوچەی جوانڕۆن. ئەم ڕێکخراوە کە بەس چالاکی سیاسی دەکات و لە شاری سلێمانی نیشتەجێن ٨ یان ٩ ساڵ پێش لە پەکەکە جیا بوونەتەوە ( ئەو کاتەی کە پەکەکە پژاکی دروست کرد بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان).

هەر وەک باسم کرد بەشداری خەڵکی ئەم ناوچەیە لەحیزبەکانیتریشدا بەر چاوە و تەنانەت خاوەنی چەندها قوربانیشن. لە ئەم ناوچەیش هەر وەک شوێنەکانیتر بەداخەوە خەڵکی خۆفرۆش هەبوون کە چوونە پاڵ ڕژیمەوە و لە بەرانبەرهێزە کوردیەکان بۆ ماڵی دونیا چەکیان هەڵگرت .ئێستە گەورەترین خەتەر کە لە ئەم ناوچەیە هەیە، خۆ ڕێکخستنیی ئیسلامییە توندڕەوەکانە کە لە داهاتوودا ببنە کێشە لە بەرانبەر بە سیکولاریزم، ئازادی و پێکەوەژیانی پێکهاتە مەزهەبییە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی کرماشان. ئەم بیری ئیسلامییە بە سەر دوو بۆچوون دا دابەش دەبن: یەکەم بیری مفتی زادەیی، کە کەمێک نەرم و نیان ترن. نموونەی ئەخوان موسلمین لە میسر یان یەکگرتووی ئیسلامی لە باشووری کوردستان. دووهەم، بیری سەلەفی و وەهابیە. ئەمانە زۆر توندڕەوترن و لە کوشتنی خەڵکی بیرجیاواز ئەگەر بۆیان بکرێت دەست ناپارێزن. نموونەی کوشتن و لەت لەت کردنی جەنازەی ٤٠ پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی لە گوندی خێڵی حەمە (نزیک ١٠ ساڵ پێش ئێستە) لە ناوچەی هەورامان و شارەزور .لە بەر ئەوەی خەڵکی ناوچەی کرماشان دابەشە بە سەر شیعە مەزهەب، سونی مەزهەب و پەیڕەوانی ئایینی یاری، سەر هەڵدانی هەر چەشنە بیری توندڕەوی مەزهەبی دەتوانێت کارەسات بخولقێنێ کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کورد بە گشتی و خەڵکی ناوچەکە بە تایبەتیدا نییە!

جوانڕۆ لە باری کەلتووری و هونەرییەوە

لە باری هونەریشەوە لە ئەم ١٥ -٢٠ ساڵەی دواییدا چەندها هونەرمەندی گۆرانیبێژ لە جوانڕۆ هەڵکەوتووە کە دەورێکی باشیان هەبووە لە بووژانەوەی فەرهەنگ وە کەلتووری کوردەواری. لە بەر نزیک بوونی ناوچەی جوانڕۆ لە

هەورامان خەڵکی ئەم دوو ناوچەیە لە باری هوونەرییەوە زۆر لە سەر یەک تەئسیریان هەبووە. زۆر بەی هونەرمەندانی جوانڕۆیی بە جوانی گۆرانی هەورامی دەچڕن. هەڵپەرکەی قڵایی تایبەتی خەڵکی ئەم دەڤەرەیە .لە ئەم ناوچەیە زۆر گرنگی دەدرێت بە جل و بەرگی کوردی. لە ناو شاردا بە دەگمەن خەڵک جلی دیکە لە بەر دەکەن. ڕادەی خوێندەواریش تا ڕادەیەکی باش بەرەو پێش چووە.

جوانڕۆ لە باری مێژووییەوە

ناوچەی جوانڕۆ لە رابردوودا یەکێک لە ١٨ ناوچە میرنشینەکەی ئەردەڵان بووە کە لە لایەن سەید ئەحمەدبەگی جاف و کورەکانییەوە ئیدارە کراوە. پاش مردنی ناوبراو و لە سەر وەسییەتی خۆی، ڕۆستەم بەگی وەکیل دەسڵاتی ناوچەکە دەگرێتە دەست. حەمدوڵای مستەوفی (زمان و مێژوو ناسی ئێرانی، سەدەی ١٥ زایینی) مێژوی جوانڕۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ٧٠٠ ساڵ. بە وتەی ناوبراو ئەم شارە لە پێشدا ناوی ئاڵانی یان هاڵانی بووە. ئێستەش سەراوێک لە نزیک شاردا هەیە بە ئەم ناوە (سەراو هاڵانی). ئەم مێژووە ڕۆشن نەکراوەتەوە ئاخۆ تا زەمانی لە ژیاندا بوونی نابراو (حەمدوڵلای مستۆفی) کە سەدەی ١٥هەم بووە؟ یان تا ئێستە ویکی پێدیا مە بەستیەتی. ئەگەر تا ئەو کات بێت؟ ئەم مێژووە دەکاتە ١٢٠٠ ساڵ .لە زەمانی (ئەگەر هەڵە نەبم) رەزا شادا بەگزادەکانی وەکیل ماوەیەک لە حکوومەت یاخی بوونە و دەستیان داوەتە چەک و بەرەنگاربوونەوە.

٤ -ڕەوانسەر

ژمارەی دانیشتوان و هەڵکەوتەی جوگرافیایی

شارستانی ڕەوانسەریش یەکێکیترە لە شارستانەکانی پارێزگای کرماشان کە هەڵکەوتوە لە باکووری شاری کرماشان و لە مەودای ٥٠ کیلۆمتری سەر ڕێگای کرماشان بۆ پاوە. بە پێیی سەرژمێری شەش ساڵ پێش لە ئێستە ژمارەی دانیشتوانی ٤٥٣٢٤ کەس وە ئێستە دەبی نزیک بە ٥٥٠٠٠ کەس بێت. ناوی ڕەوانسەر دەگەڕیننەوە بۆ ئەو ئاوە ڕوون و ڕەوانە کە لە سەراوەکە دێتەدەر، واتە سەراوی ڕەوان، کە کراوە بە رەوانسەر .بە پێی ئەو زانیارییانەی کە ویکی پێدیا نووسیویەتی، شارستانی ڕەوانسەر پێکهاتووە لە دوو بەخش و شەش دیهستان. بەخشی ناوەندی (مەرکەزی) کە پێکهاتووە لە شاری ڕەوانسەر و ئەم چوار دێهستانە: ١- دێهستانی بەدر، ٢٥ گوند ٢ -دیهستانی حەسەن ئاوا، ٤٠ گوند ٣- دێهستانی دەوڵەت ئاوا کە لە ٣٥ گوند پێکهاتووە و بە زۆری سەر بە تایفەی وەڵەدبەیگین (وەڵەوەیی). ٤ -دێهستانی زالوئاو کە هەڵکەوتووە لە سنووری وەڵەوەیی – سنجاوی و زۆر بەی خەڵکەکەی سەر بە هۆزی سنجاوین، بەڵام خەڵکانی سەر بە هۆز و تایفەی تریش هەن کە بە ژێر زاراوەی جافی دەپەیڤن. خەڵکی زالوئاو سەر بە مەزهەبی سونیی، شیعە و یارین بەخشی شاهۆش لە دوو دێهستانی مەنسوورئاغەیی و قۆڕیقڵا پێهاتووە کە یەکەمی لە ١٠ گوند و دووهەمی لە ٨ گوند پێکهاتووە کە بە زۆری لە تایفەکانی جوانڕۆیین کە بە مەنسوورئاغەیی و مەنوچەری ناسراون .لە گەڵ داوای لێبوردن لە خوێنەر، لە بەشی دووهەمی وتارەکەمدا نوسیبووم کە قۆڕیقلا سەر بە شارستانی جوانڕۆیە، بەڵام وادیارە کە کەوتووەتە سەر شارستانی ڕەوانسەر.

پێکهاتەکان، زاراوەکان و ئایین

خەڵکی رەوانسەر بە زاراوەی سۆرانی و ژێر زاراوەی ئەردەڵانی وە جافی دەپەیڤن وە لە باری مەزهەبیشەوە سەر بە مەزهەبی سونی شافیعین. بە هۆی نزیکی لە هۆزی سنجاوییەوە کە هۆزێکی گەورەی ناوچەی کرماشانە وە بە زۆری سەر بە ئایینی یارین تا ڕادەیەکیش خەڵکی ئەو هۆزە لە ناوچەی رەوانسەر دەژین .زۆرینەی خەڵکی ڕەوانسەر سەر بە هۆزی ئەردەڵانن کە بێجگە لە رەوانسەر لە کامیاران، سنە وە کرماشانیش دەژین. ئەردەڵانەکان دەورانێکی زۆرفەرمانڕەوایی بەشێکی خاکی کوردستانیان کردووە لە ژێر نێوی عەمارەتی ئەردەڵان کە ناوەندی دەسڵاتەکەیان شاری سنە بووە. جگە لە ئەمانە کە ئاماژەی پێکرا چەندین تیرەو تایفەیتر لە ناوچەکە هەن وەک عەشرەتی وەڵەوەیی (وەڵەدبەیگی) کە لە بەینی جوانڕۆ وە ڕەوانسەردا دەژین کە لە نزیکی ٣٠ گوند پێکدێن. عەشرەتەکانیتری ناوچەکە تا ئەو جێگایە نووسەر ئاگادارە، بریتین لە دەوڵەتاوایی، نەگری، خەراجیانی ،گەشکی، درۆیی مەنسوورئاقەیی، مەنوچەری، سنجاوی و...هتد.

سروشتی ڕەوانسەر

شاری ڕەوانسەر بە هەبوونی سەراوێک کە لە ناوەڕاستی شاردا تێپەڕ دەبێ و لە بن شاخەکەی پشت شارەوە دێتە دەرەوە، جوانییەکی بێ وێنە دەبەخشێتە شار .ئەم ئاوە دەڕژێتە نێو ئاوی قەرەسوو. ڕەوانسەر لە زستاناندا زۆر سارد ولە هاویناندا هەوایەکی زۆر فێنک وە ئاوێکی زۆر سارد وە خۆشی هەیە .پشتی ئەم شارە، کێوی شاهۆ وە ئاوایەکانی پشتە و خەراجیان و داوێنی شار کە دەبێتە ڕۆژئاوا، دەشتێکی یەکجار پان و بەرینە کە ناوچەکانی سنجاوی، زالواو، وەڵەوەیی وە تا جوانڕۆ لێوە دیارە .مەرقەدی وەیسی قەرەنی کە خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن حەزرەتی وەیس لە سەر بەرزاییەکەوەیە کە لە نزیکی شاری ڕەوانسەر هەڵکەوتووە کە ساڵانە تەوافکارانێکی زۆر ڕووی تێدەکەن کە تا ڕادەیەکیش بە هۆی ئەو گەشتیارانەوە سوودی زۆر بە ئابووری ناوچەکە دەگەیەنێت.

باری ئابووری

ئابووری خەڵکی ڕەوانسەریش هەر وەک شوێنەکانیتر لە ڕێگای کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، کرێکاری وە کەسابات دابین دەکرێت. ڕێژەی بەرهەم هێنانی دانەوێڵە لە ئەم ناوچەیەدا تا ڕادەیەک لە سەرەوەیە. هەروەها بەشێکی خەڵکی ئەم ناوچەیەش لە دامو دەزگاکانی دەوڵەتیدا لە بەشی خزمەتگوزاریدا وەک مامۆستا و فەرمانبەر کار دەکەن.

باری ڕامیاری (سیاسی)

خەڵکی ڕەوانسەریش تاڕادەیەکی بەرچاو لە نێو ڕێکخراوە سیاسیەکاندا چالاکانە بەشداریان کردوە و بە هۆی نزیکی لە شارەکانی کامیاران وە سنەوە ئاستی بیری سیاسی وە شۆڕشگێڕیان لە ئاستێکی باش دایە. هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا ڕێکخراوە کوردیەکان وەک حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لە شاری ڕەوانسەر مەقەڕیان کردەوە و تا کاتی هێرشی ڕژێم بۆ سەر خەڵکی کوردستان (٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨هەتاوی) ئەم دوو ڕێکخراوە کوردییە لە ئەم ناوچەیە کار و چاڵاکیان دەکرد و هەر ئێستەش ڕەوانسەریەکان لە نێو حیزبە کوردیەکاندا بەشدار و چالاکن. لە ئەو ناوچەیەش هەر وەک شوێنەکانیتر، خەڵکی خۆفرۆش هەبووە کە پاڵیان بە دوژمنەوە دابوو لە دژی بزوتنەوەی کوردی، بەتایبەت لە گوندەکان.

باری هونەر و خویندن

هەر وەک لە سەر جوانڕۆ باسکرا لە ڕەوانسەریش ڕادەی خوێندەواری و ڕوو کردن لە هونەر تا رادەیەکی باش گەشەی کردووە

سەرچاوەکان: نەقشەی ئێران، ویکی پێدیا و زانیارییەکانی نووسەرە لە سەر ناوچەکە.

## بەشی چوارەم

سەلاسی باوەجانی شارستانی سەلاسی باوەجانی پێکهاتەی خەڵکی، زاراوە، ئایین، جوگرافیا و سروشت

سەلاسی باوەجانی کە لە دوو بەخش و شەش دێهستان و نزیکی ٢٥٠ گوند پێکهاتووە تا چەند ساڵ پێش بەشێکی (بخش) ئیداری سەر بە شارستانی جوانڕۆ بووە. ئێستە بۆ خۆی شارستانێکە و ژمارەی دانیشتوانی (١٣٨٥ هەتاوی) ٣٨٥٧٠ کەس و ئێستە کە ساڵی ١٣٩١ هەتاوییە، دەبێ ئەم ڕێژەیە گەیشتبێتە نزیکی ٤٥ تا ٥٠ هەزار کەس .ناوەندی ئەم شارستانە شارۆچکەی تازەئاوایە. زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی ئەم ناوچەیە بە سۆرانی جافی دەپەیڤن، سونی مەزهەبن و بە زۆری سەر بە هۆزی جافن. دانیشتوانی چەندین گوندی ئەم دەڤەرە بە زاراوی کەلهوڕی، یان کوردی خوارو دەپەیڤن و سەر بە ئاییینی یارین. ئەم بەشە بە زۆری سەر بە هۆزی قەڵخانین کە دەکەونە سەر دێهستانەکانی دەشتیوڕ و جەیران.

نێوی سەلاس لە زمانی عەرەبیدا بە واتای ژمارەی سێیە (٣). ئەم نێوە بۆیە لە سەر ئەم ناوچەیە دانراوە، لە بەر ئەوەی کە پێکهاتەی سەرەکی خەڵکەکەی پێکهاتووە لە سێ تایفەی گەورەی (بە واتای زۆری ڕێژەی دانیشتوان) ناوچەکە، کە بریتین لە تایفەکانی باوەجانی، قوایی و وەڵەوەیی . سەلاس کەوتووەتە ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان و کەوتووەتە بەینی جوانڕۆ- سەرپێڵی زەهاو -شارستانی هەورامان و لە ڕۆژئاواشەوە هاوسنوورە لە گەڵ گوندەکانی چوارکلاو، هاجیلەر، شێخان و هۆرێن (بناری بەمۆ) و دەشتی پشتە و شەمێران کە لە سەر ئیدارەی دەربەندیخان و خانەقین لە باشوور.

بێجگە لە عەشرەتەکانی باوەجانی، قوایی و وەڵەوەیی، چەند عەشرەتێتر لە سەلاس نیشتەجێن وەک تاوگۆزی، گاخۆری، کاکەڕەشی، میرکی، ئەلیارکی، قادرمروەیسی، قادری، کلاشی، ئەلیاسی و....هتد. هەر وەها چەندین گوندی سەر بە هۆزی قەڵخانیش هەر سەر بە ئەم شارستانەیە. هۆزی قەڵخانیش لە چەندها تیرە و تایفە پێکهاتوون.

هەر وەک باسکرا شارستانی سەلاسی باوەجانی پێکهاتووە لە دوو بەخش و شەش دێهستان کە بریتین لە :یەکەم: بەخشی ناوەندی (مرکزی) کە ناوەندەکەی شارەدێی تازەئاوایە (٣٠٠٠ کەس دانیشتووانیەتی) و ئەم دێهستانانە: ئەلف- دێهستانی خانەشوور کە لە نزیکی ٣٥ تا٤٠ گوند پێک دێت کە بێجگە لە گوندەکانی شێخسەڵە، دەستەیەردی، بانینار، ڕەجەوی، هوکانی و دوو سێ گوندی دیکە کە سەر بە عەشرەتی تاوگۆزین، باقی گوندەکان سەر بە تایفەی باوەجانین کە لە ئەم تیرانە پێک دین: حەمەگە (حەمەیە)، مروەیسی، عالی، قۆچاڵی، نیوەکار، بەگزادەکان و...هتد.

ب- دێهستانی دەشتیوڕ (دشتحر) کە لە ٣٥ تا ٤٠ گوند (ئاوایی) پێکدێت کە بێجگە لە گوندەکانی ئایەنەوەند، پالانی سەر، پالانی خوار،حەسەن گاوبار، دێوکە، پالان مەرزلان و سی چوار گوندیتر نەبێت کە خەڵکەکەی سەر بە هۆزی قەڵخانین، دانیشتوانی باقی ئەم دێهستانە سەر بە تایفەی باوەجانین کە لە ئەو تیرانە پێکهاتوون کە لە سەرەوە )لە بەشی دێهستانی خانەشوور (باسیان لێوە کراوە .ج- دێهستانی زمکان کە لە ٢٣ گوند پێک دێت کە بێجگە لە گوندەکانی هەڵول، نێرژی سەر ، نێرژی خوار کە سەر بە تایفەی وەڵەدبەیگین، باقی گوندەکان سەر بە تایفەی باوەجانین. بەشیکی عەشرەتی کاکەڕەشیش لە ئەم دەڤەرە دەژین .ئەم سێ دێهستانە لە ڕووی جوگرافییەوە هەلکەوتووە لە بەینی کۆمەلە کێو و شاخێکدا، لە وانە کێوی شێفیلە. گاڕێ .بەنیگەز. هەر وەها لە بەهاراندا ئەم دەفەرە سروشتێکی یەکجار خۆشی هەیە . ئاوی کانی ڕێزە یەکیک لە ئەو ئاوە بە ناوبانگەی ناوچەکەیە کە خەلکی ناوچەکە بروایان وایە بۆ نەخۆشینەکانی گورچیلە و دل زۆر بە سوودە. و خەڵکانێکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە تەنانەت لە ڕێگای زۆر دوورەوە دێن بۆ سوود وەرگرتن لە ئەو ئاوە. واتە ئاوی کانی ڕێزە.

دووهەم: بەخشی ئەزگڵە: ئەزگڵە لە ڕابردوودا (تا پێش لە شەڕی عێراق و ئێران) ناوەندی ئیداری سەلاس بووە. بە بۆنەی شەڕ و چۆڵکرانی لە لایەن دانیشتوانەکەی، ئەم ناوەندە گوێزرایەوە بۆ تازەئاوا کە ئێستە ناوەندی شارستانی سەلاسی باوەجانییە. ئەم بەخشە لە سێ دێهستان پێکهاتووە:

یەکەم: دیهستانی ئەزگڵە کە لە نزیکی ٤٠ تا ٤٥ گوند پێکهاتووە بە زۆری هەرە زۆر سەر بە تایفەی قوایین (قوبادی). تایفەی قوایی لە ئەم تیرانە پێکهاتووە: کۆرەیی، نێویجانی، خێڵی باوا، میرکی، بەگزادە و ....هتد. ئەم دێهستانە کەوتووەتە بەینی کێوەکانی بەمۆ و گاڕێ. لە گوندەکانی ئەم دێهستانەش بێجگە لە ئەزگڵە، دەکرێت لە ملازۆراوی، قەلانی سەر، قەلانی خوار، درەژاڵە، دەروەندەهۆڵ، داریزەنگەنەی شێخ حوسەین، داریزەنگەنەی شێخ محێدین، کۆرەیی، قەیتوول، سوورمەر، بانەدار، زلانی، میرکی، ئاوگەلان، شێرپەڕ و چەندها گوندیتر ناو ببەین. تا پێش لە ڕۆخانی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران ئەم بنەماڵانە کە لە شێخ و بگزادە پێکهاتبوون دەور و کاریگەرییان لە بە سەر ئەم دەڤەرەوە هەبووە: بنەماڵەی مستەفا خان، شێخ ئیسمائیلی خانەشوور، شیخ نەجمەدینی ئەزگڵە، شێخ حەسەینی داریزەنگەنە لە گەڵ چەندها سەروک تیرە ومەلاو شێخ و کوێخایتر. بەشێکی زۆری خەڵکی ئەم تایفەیە لە باشووری کوردستان و لە بناری بەمۆ، زەڕایەن، هەلەبجەی تازە و دەربەندیخان دەژین. ئەڵبەتە خەڵکی تایفەکانیتریش هەر وەک قواییەکان بەشێکی گرنگیان لە باشوور دەژین لە وانە تاوگۆزییەکان، وەلەوەییەکان، باوەجانییەکان، قادرمروەیسیەکان و....هتد. یەک دوو گوندی سەر بە عەشرەتی ئەلیاخەییش لە سەر دێهستانی ئەزگڵەیە، وەک تەق تەق وعەلی ئاخەیی.

خەڵکی ئەم عەشرەتە (عەشرەتی قوایی) بە هۆی ژن وژن خوازییەوە تێکلاوییەکی زۆریان هەیە لە گەڵ عەشرەتەکانیتری وەک باوەجانی، تاوگۆزی و وەڵەدبەیگی و لە ڕاستیدا هەمووی ئەو خەڵکە وەک کەسی یەکن.

دووهەم: دێهستانی سەرقلا کە لە ٢٦ ئاوایی پێکهاتووە. ئەم دێهستانە لە گەڵ دیهستانی جەیران (جگیران) تا ساڵی ١٣٤٢ کە ساڵی کۆتایی هاتنی دەسلاتی دەرەبەگایەتی بوو لە ئێران لە ژێردەسڵاتی بەگزادەکانی وەلەدبەگی بوون. لە ئەوانە فەتاح بەگی ئەمجەدی. زۆرینەی دانیشتوانی سەرقلا لە تایفەی وەڵەوەیین (وەڵەدبەگی)، کە لە ئەم تیرانە پێکدێن: دەلەژێری، دەروێشی، ئەلیاخەیی و گورگکوژ. لە ڕابردوودا تیرەکانی کاکەڕەشی و گاخۆریش هەر لە سەر عەشرەتی وەڵەوەیی هاتوونەتە ئەژماردن. بێجگە لە ئەم تایفە و تیرانە کە باسکران، لە سەرقلا ئەم عەشرەتانەش نیشتەجێن: قادرمروەیسی )لە گوندەکانی چەوتە، تەپەڕەش، هوان و تاڕادەیەکیش لە تیلەکۆ(، ئەلیارکی (لە تەپەکەنعان و تیلەکۆ)، گەشکی (لە تەپە نەورۆز)، دڕۆیی (لە پشتتیلکە)، یوسف یارئەحمەدی )لە چەوتەی خوار و قلای سەرقلا)، کاکە ڕەشی

(له کۆزەڕوود)، چەند ماڵێکی کویک (له باویسێی تازەئاوا)، کەریمی ساڵح (له دەرپڵێ) هەموو ئەم عەشرەت و تایفانه له زۆر جێگادا وەک برا وکەسی یەک له گوندێک یان چەند گوندا پێکەوە ژییاون. بۆ نموونه له گوندەکانی چەوته و تەپەڕەش خەڵکانی سەربە چەند عەشرەت پێکەوە ژییاون به بێ هیچ کێشەیەک و به هۆی ژن و ژن خوازییەوە زۆر تێکەڵاوی یەک بوون. له ڕاستیدا باسی عەشیرەتی له ئەم ناوچانه زۆر بێ ئەهمیەت بووه و حیسابێکی ئەوتۆی بۆ ناکرێت. بۆ ئاگاداریتان من خۆم خەڵکی ئەم دەڤەرەم.

به داخەوه ئەم ناوچەیه و زۆر جێگایتری ناوچەکه له سەرەتاکانی شەڕی ئێران و عێراقەوه وێران یان چۆڵکراون که هێشتاکه زۆربەیان ئاوەدان نەبوونەتەوه .سەرقلا کەوتووەته نێوان کێوەکانی سەڵمانه، بەمۆ، شەواڵدڕه وچەرمکسوار. له باشوورەوه هاوسنووره له گەڵ زەهاو، له باکوورەوه له گەڵ ئەزگڵه و شێخان و هۆرێن و کێوی بەمۆ، له ڕۆژ هەڵاتەوه له گەڵ جەیران و له ڕۆژئاواوه له گەڵ دەشتی هاجیلەر و چوارکلاو، که دەکەونه سەر شارستانی خانەقین له باشووری کوردستان.

دێهستانی جەیران (جگیران)

دێهستانی جەیران که له نزیکی ۳۰ گوند پێکهاتووه، یەکێکیترله دێهستانەکانی سەر به شارستانی سەلاسی باوەجانییه .له ئەم ۳۰ گونده نزیکی ۱۰ گوندی، خەڵکانی سەر به هۆزی قەڵخانین که له باری ئایینیەوه سەر به ئایینی یارین و له ئەم گوندانه دەژین :ئایەنەوەن، چنارەی مەجید، چنارەی لەتیف، چنارەی عەلی مەدەد، دارتوی مەوالی، سێ تەپان، ئایەنەونی عەبدوڵاه و یەک دوو گوندیتر. له باقی گوندەکانیتری وەک کانی شیرینه، مێرەنگینەی حاجی قادر، ئیمام عەباسی سەر، ئیمام عەباسی خوار، کێله چرمک، سەرایی، توەوشکه عەشرەتی گاخۆری دەژین .چەندین ماڵی وەلەویی و عەشرەتی قوایی له گردەنوی خوار، ئەلیاخەیی حەسەنی محەمەدی سلێمان له مێرەنگینه دەژییان یان دەژین . کاکه ڕەشییەکان له تەپەکەوەی سەر و عەشرەتی کلاشی له تەپەکەوی خوار، گردەنووی سەر و چرمک سوار دەژین. هەر وەک باسکرا ئەم دێهستانەش تا ساڵی ۱۳٤۲ له سەر ناوچەی وەڵەدبەگی حیسابکراوه. هەر وەها عەشرەتەکانی وەک گاخۆری، ئەلیاخەیی و کاکەڕەشی که له ئەم دەڤەره دەژین حێسابی وەڵەدبەگییان بۆ کراوه. هەر وەها له میل قادری سەر، عەشرەتی ئەلیارکی و له میل قادری خوار عەشرەتی قادری دەژین. له عەشرەتی ئەلیاسیش (که به زۆری له زەهاو وپشتەنگ نیشتەجێن) گوندی ئەلیاسی مەحموود شەفی له سەر دێهستانی جەگیران هەڵکەوتووه .ئەمانه هەموویان جافن و سونی مەزهەبن. جارێکیتر دووپاتی ئەکەمەوه که ئەو خەڵکه له ڕابردووا به بێ کێشه له گەڵ یەک ژییاون.خزمایەتییان پێکەوه هەیه. نه جیاوازی ئایینی و نه جیاوازی عەشرەتی نەیتوانیوه له یەکیان بکات.

مێژووی ئاواره بوونی خەڵکی سەلاسی باوەجانی له جێگا و شوێنی باو باپیرانیان

خەڵکانی سەر به شارستانی سەلاسی باوەجانی له هەموو عەشرەت و تیرەو تایفەکانی، له دوو کاتی جیاوازدا، بەشێکی زۆریان ئاوارەی عێراق بوون و بەشێکیتریشیان به هۆی شەڕی عێراق- ئێرانەوه ئاوارەی ناوچەکانیتری وەک جوانڕۆ، کرماشان، سەرپێڵ و ڕەوانسەر بوون که هێشتاکه زۆربەیان نەگەڕاونەتەوه گوندەکانی خۆیان. هێشتا زۆر گوندی ئەم ناوچەیه ئاوەدان نەبووەتەوه. هێشتا زۆرینەی خەڵکەکەی ئاواره و پەرتەوازەی هەندەران و ئێره و ئەوێن.

ئەو بەشەی له خەڵکی ئەم ناوچەیه که ئاوارەی عێراق بوون له بەر دوو هۆکاری سەرەکی بوو:

یەکەم: ترس له ڕژیمی تازه به سەرکار هاتووی شێعه مەزهەبی توندڕەوی کۆماری ئیسلامی (له بەر ئەوەی خەڵکی ئەم دەڤەره هەم کورد بوون و هەم سونی مەزهەب و یارسان). دووهەم هۆکاری ئاواره بوونیان شەڕی عێراق و ئێران بوو .عەشرەتی باوەجانی یەک له ئەو عەشرەتانەی ناوچەی سەلاس بوو که زۆرترین ڕێژەی ئاوارەبوونیان له ئۆردووگای ڕۆمادیه وەبەرکەوت. ژمارەی بنەماڵەکانی ئەم عەشرەته له ئۆردووگای ڕۆمادیه له سەرەوەی ۱۰۰۰ماڵ بەراوەرد دەکرا. دوای ئەوان عەشرەتی قوایی که ئەوانیش به ۹۰۰ ماڵ، وەڵەویی له گەڵ ئەلیاخەیی ٤۰۰ ماڵ، قادرمرویسی۳۰۰ مال، گاخوری٤۰۰ ماڵ، تاوگۆزی ۲۵۰ مال، کاکه ڕەشی ۱۵۰ ماڵ و باقی عەشرەتەکانی سەر به سەلاس له کلاشی، ئەلیارکی، قادری، ئەلیاسی و یارسانی (سەر به سەلاس) نزیک به ٦۰۰ ماڵ ئاوارەی عێراق بوون که دواتر له ئۆردووگای ڕمادیه گیرسانەوه. بەم شێوەیه نزیک به ٤۰۰۰ خانەواده (ماڵ) له کۆی ۸ بۆ ۹ هەزار ماڵی ئەو خەڵکه ئاوارەیه، خەڵکانی سەر به ناوچەی سەلاسی باوەجانی بوون.

له گەڵ داوای لێبوردن لە خوێنەر لەوانەیە ژمارەکان لە سەداسەد وەها نەبن.

دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە لە سەدا ٧٥ی دانیشتوانی سەلاسی باوەجانی لە جێگا وشوێنی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر بوون. بەداخەوە هێشتاکە نزیک بە نیوەی خەڵکی ئەم دەڤەرە لە دەرەوەی جوگرافیای سەلاس دەژین. نزیک بە ١٢٠٠ ماڵ و بگرە زیاتریش لە خەلکانی ئەم دەڤەرە لە دەرەوەی وڵات، لە وڵاتانی وەک سوید، نۆرویژ، کانادا، فینلاند، دانمارک، ئوسترالیا، ئاڵمان، هۆڵەند، سویس، بریتانیا، ئیرلەند، ئامریکا و نیوزلاند دەژین. نزیک بە ٧٠٠ ماڵیتری خەڵکی ئاوارەی سەلاس لە باشووری کوردستان، لە ئوردووگاکانی باریکە لە عەربەت، کاوە لە قوشتەپە، شێرەوەن لە خانەقین و لە شارەکانی کەلار، دەربەندیخان، هەلەبجە و زەرایەن دەژین و لە ئەم ژمارەیەش زۆر زیاتر لە شارەکانیتری وەک کرماشان، جوانرۆ، سەرپێڵی زەهاو و ڕەوانسەر دەژین.

هەر وەک لە سەرەوەش باسم کرد لە بەینی ساڵەکانی ١٣٥٨ و ١٣٥٩ی هەتاوی بە هۆکاری هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان و شەڕی ئێران و عێراق زیاتر لە نیوەی گوندەکانی ئەم ناوچەیە چۆڵکران و زۆربەی خەڵکەکەی ئاوارەی باشووری کوردستان بوون کە دواتر لە هاوینی ١٣٦١ی هەتاوی لە لایەن ڕژیمی بەعسی عێراقەوە بۆ ئۆردووگایەک ڕاگوێزران کە دواتر بە ئەلتاش کەمپ یان ئۆردووگای ڕۆمادیە نێوبانگی دەرکرد. هەروەک پێشتر ئاماژەم پی کرد هەزاران و بگرە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئەم ناوچەیانە یان لە باشوورن یان لە هەندەرانن. ژمارەی ئەو گوندانەی کە لە شارستانی سەلاس چۆڵکران و خەڵکەکەی ئاوارەی عیراق و شوێنەکانیتری ناخۆی وڵات بوون، پتر لە سەد وبیست گوند دەبوون و بە هەمان ئەندازەش لە ناوچەکانی زەهاو، قەسری شیرین، سەرپێلی زەهاو، پشتەنگ، قەلخانی، ئێناخی وە....هتد .لە بەر ئەوەی من خۆم خەڵکی سەلاسم و لە گەڵ ئازارەکانی ئەو خەڵکەدا ژییاوم لە هەر جێگایەکیتری کوردەواری زیاتر شارەزاییم لە سەر ئەم ناوچەیە هەیە. کە باسی ئۆردوگای ڕۆمادیە یان ئەلتاش هات، بە بیری خوێنەری دێنمەوە کە یەکەم کاروان کە بۆ ئەو ئۆردوگایە ناردرا، عەشرەتەکانی ئەلیاخەیی و وەڵەوەیی تیلەکۆ بوون کە لە بڕواری ٢٠-٧-١٩٨٢ی زایینی بوو. کە لە ئۆردووگای سەنگەرەوە (هەڵکەوتوو لە نزیکی شاری خانەقین) بە کاروانێک کە پێکهاتوو لە ٤٠ زیلی عەسکەری ناردران بۆ بیابانێک لە نزیک شاری ڕۆمادیە، کە دواتر کەمپی ئەلتاشی نێو لێنرا. ئەم کەمپە هەڵکەوتبوو لە ١٣٠ کیلۆمیتری ڕۆژئاوای شاری بەغدادەوە. هیوادارم بتوانم لە دەرفەتێکی دیکەدا لە سەر ئۆردوگای ڕۆمادیە شتێک بنووسم. بەڵام خراب نییە بزانین کە مێژووی ئەلتاش کەمپ تا ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی دریژەی کێشا. واتە بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ. بەشێک لە خەڵکەکەی لە ڕێگای یوئن و خاچی سوورەوە نێردران بۆ هەندەران، بەشێکیتری گەڕانەوە بۆ ئێران. بەشێکیتریشی گەڕایەوە بۆ باشووری کوردستان و لە چەند کۆمەڵگایەک و شارێکدا نیشتەجێ بوون کە لە سەرەوە باسیان لێوە کرا.

ناوەندی ئیداری سەلاس پێش لە شەڕی عێراق و ئێران

لە پێش شەڕی ئێران– عێراق، ئەو کاتە کە سەلاس بەشێک بوو لە جوانرۆ یان لە ڕاستیدا پێشتر، لە دەورانی دەسڵاتی شاە دا هەم سەلاس و هەم جوانڕۆ دوو بەشی جیاوازی ئیداری سەر بە شارستانی هەورامان بوون، شارەدێی ئەزگڵە ناوەندی (مرکز بخش) ئەم ناوچەیە بوو. بە داخەوە هێشتاکە زۆر گوندی ئەم ناوچەیە هەیە کە ئاوەدان نەکراونەتەوە .و لە ناوچە سەر سنووریەکانیش زۆر ئاسەواری مین (ئەڵغام) و تەقەمەمەنی ماوەتەوە کە ساڵانە قوربانی لێ دەکەوێت.

ئابووری ناوچەکە

خەڵکی سەلاسیش هەر وەک شوێنەکانیتری ئەم دەڤەرە بە کرێکاری، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری وە کاسبییەوە سەرگەرمن. شارستانی سەڵاس لە ڕاستیدا شارستانێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک گوندە. بەداخەوە شاری گەورەی نییە، هەر بۆیە ژیان لە ئێرە بە زۆری ژیانی لا دێیە. بۆیە خەڵکەکەی لە شارەکانیتر نیشتەجێ بوون .سنووری پشتەی بەمۆ شوێنێکی تا ڕادەیەکی نە چەندان زۆر، باشە بۆ کار و کاسبی بۆ خەڵکی ناوچەکە. ئاسەواری شەڕ و ئاوارەیی خەڵکی ئەو دەڤەرە لە سەر ئابوورییان ساڵانێکی زۆری دەوێت تا قەرەبوو بکرێتەوە. زۆربەی خەڵکی سەلاس لە بەر کەم دەرەتانی ژیان گوندەکانیان بە جێ هێشتووە و لە شارەکانی سەرپێڵ، کرماشان، جوانڕۆ و ڕەوانسەر دەژین. هەروەها بە زۆریش بە شوین پەیدا کردنی کار پەردەوازەی شوێنەکانیتری ئێران بوون. سەرەڕای ئەوەی ئەم ناوچەیە سروشتێکی یەکجار جوان و سرنجڕاکێشی هەیە، بەڵام دەوڵەت ئەم دەڤەرەی پشتگوێ خستووە. بە شێوەیەک کە خەڵکەکەی هیچ پیشەو کارێکیان نییە، جگە لە ئاژەڵداری و کشتوکاڵێکی سونەتی نەبێت. بە هۆی نەبوونی پیشەسازی لە ناوچەکە، خەڵکی ئەم دەڤەرە زۆربەیان لە چینی هەژار و کەم دەرامەتن. تەنانەت ئەوانەشیان کە لە شارەکانیتر دەژین.

بەشداری لە شۆڕش و سیاسەت

ئاشنایەتی ئەو خەڵکە کە هاتنە عێراق لە گەڵ سیاسەتی حیزبە کوردییەکاندا تەئسیرێکی باشی داناوە لە سەر بواری رۆشنبیری و سیاسی بوونیان. هەر ئیستە بەشدارییان لە ڕیزی ڕێکخراوەکاندا بەرچاوە.

با وەک شتێکی مێژوویی باس لە پێوەندی گرتنی خەڵکی ئەم دەڤەرە بە شۆڕشی کوردییەوە بکەین. بەداخەوە هەزاری لە لایەک، ڕژیمە دژە مرۆڤەکانی شاە و کۆماری ئیسلامی لە لایەکیتر و دەسڵاتی شێخ و ئاغاکانی ئەم دەڤەرە لە لایەکیترەوە ڕێگیر بوون لە پێشکەوتن و خوێندەواربوونی بەرچاو و پێویست لە ئەم دەڤەرە. هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ کەمتر بیر کردنەوە لە هەست کردن بە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر، چی لە ڕووی نەتەوایەتییەوە یان لە ڕووی چینایەتییەوە. بەڵام بە ئەو حاڵەشەوە کەم نەبوون لە خەڵکانی ناوچەی سەلاس کە لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشدارییان کرد بێت.

بۆ ئاگاداری خوێنەران دوو یان سێ مانگ پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێراندا، یەکەم جموجۆڵی سیاسی لە ئەم دەڤەرە و لە دێهستانی سەرقلاوە دەستی پێکرد. من کە نووسەری ئەم بابەتەم لە یەکەم کەسەکانی ئەو دەڤەرەم کە لە مانگی بانەمەڕی (اردیبشت)١٣٥٨ی هەتاوی پێوەندیم کرد بە کاک ئەبووبەکری هیدایەتی (یادی بە خێر) کە نوێنەری حیزبی دیمۆکرات بوو لە شاری کرماشان .هەر لە ئەو ڕۆژە بە دواوە بە هاوکاری ناوبراو ئێمە کۆمەڵێک گەنجی سەرقلا، بەتایبەت گەنجانی تەپەڕەش بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستمان دایە تێکۆشانی حیزبی و سیاسی. لە گوندی تەپەڕەش. دەفتری کارەکەی من (دەفتەری شیرکەت تەعاونی) کرا بە مەقەڕ. لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگدا نزیک بە ٢٠ گەنج لە دەوری سیاسەتەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کۆ بوینەوە و دەستمان دایە کار و چالاکی حیزبی و سیاسی. جارێکیان لە گەڵ کاک ئەبووبەکر جەولەیەکمان کرد بۆ ناوچەی ئەزگڵە، ڕەجەوی و شێخسەڵە. لە دوو گوندی شێخسەڵە و ڕەجەوی بە هاوکاری و دلسۆزی م. ع. ڕ پێشوازییەکی گەرممان لێ کرا. هەر وەها لە سەرقلا، لە زەهاو و لە شاری سەرپێڵ دەستمان کرد بە جەولە کردن. لە ئەو گەنجانە کە لە ئەو کاتەدا پێکەوە کاری حیزبیمان دەکرد لە سەر ئیزنی خۆیان دەتوانم نێوی ئەوانە بێنم کە لە دەرەوەی وڵاتن. لە وانە بەڕێزان ساڵح پاڵانی (لە ئاڵمان(، ڕەئوف و جەلیلی حەسەنپوور کە ئێستە ئەوانیش لە ئاڵمانن .ئیبراهیمی نادری، عەلی خێرەدەست کە لە سویدن. کەریمی پاڵانی لە کەمپی کاوە. و چەندها کەسیتر کە لە ناوخۆی کوردستانن. ئێمە درێژەمان بە چالاکییەکانی خۆمان دا تا کاتی هێرشی ڕژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان. دواتر چەند کەسمان ئاوارەی عێراق بووین و ئەوانیتر لە ئێران مانەوە. یەک لە ئەو کەسانە کە ئاوارەی عێراق بوو، من بووم لە گەڵ خانەوادەم کە پاش ٦ بۆ ٧ مانگێک مانەوە لە ئۆردوگای عەربەت لە کوردستانی عێراق گەڕاینەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە ناوچەی هەورامان درێژەم دا بە ئەرکی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتیم. تا ئاخر و ئۆخری زستانی ١٣٥٩ لە سەلاس و لە گوندی ئەزگڵە بنکەو بارگای حیزبی دیموکرات کرایەوە. ئەو کاتیش لە سەر بڕیاری کۆمیتەی شارستانی هەورامان و دەفتەری سیاسی ئەرکی یەکەم بەر پرسایەتی تەشکیلاتی حیزبی لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی بە من سپێردرا. دواتر بە هۆی چۆڵ بوونی ناوچەکە لە خەڵک، بارەگا و بنکەمان گوێزایەوە بۆ بناری بەمۆ، لە شوێنێ بە ناوی باخان. تا هاوینی ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی واتە تا ئەو کاتە کە ئێتر من ناچار بووم واز لە پێشمەرگایەتی بێنم و دواتر ڕەوانەی ڕۆمادیە کراین، لە بناری بەمۆ نزیکەی ٧٠ -٨٠ پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات هەبوون کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکە بوون و زۆربەشیان خانەوادەکانیان لە خاکی عێراق و لە باشووری کوردستان بوون کە حکوومەتی بەعس دواتر ئەوانیشی رەوانەی ئۆردووگای ڕۆمادیە کرد. لە ئەو پێشمەرگانەی کە ئەو کات بە یەکەوە لە ناوچەکە بووین نێوی ئەم کەسانە دێنم کە لە دەرەوەی وڵاتن. لە سەر ئیزنی خۆیان ناویان دێنم کە بریتین لە دۆستی لە مێژینەم عەبدەلڕەحمانی بابایی (خەڵکی باوەجانی، کادر و ئەندامی تەشکیلات). حەمە ئەمینی فەتاحی (کادر و ئەندامی تەشکیلات). قادر ئەلیاسی (خەڵکی ئەلیاسی زەهاو، کادر و ئەندامی تەشکیلات). زیندە یاد مستەفای کەریمی (خەڵکی وەڵەوەیی سەرقڵا، کادر و ئەندامی تەشکیلات) نادری سەفەری (خەڵکی تەپانی زەهاو، کادر و ئەندامی تەشکیلات). نامداری سەفەری (خەڵکی تەپانی زەهاو، کادر و ئەندامی تەشکیلات). مەجیدی سەعیدی (خەڵکی قوایی، کادر و ئەندامی تەشکیلات). حەسەنی یار حوسەینی (خەڵکی قوایی، کادر و ئەندامی تەشکیلات). حەسەنی تەیمووری (خەلکی قوایی، کادر و ئەندامی تەشکیلات). قادر. ت (خەڵکی وەلەوەیی سەرقلا، کادر و ئەندامی تەشکیلات). کەریم. ب (خەڵکی وەلەویی ، کادر و ئەندامی تەشکیلات). م. ڕەئوف. ق (تاوگۆزی کادر و ئەندامی تەشکیلات). حاجی ئەحمەد (تاوگۆزی، ئەندامی تەشکیلات). عەلی قەزاوەتی (سەر پەل،

تاوگۆزی، دواتر چووە لای دوژمن و کوژرا). زیندە یاد ئاغای حاجی مەحموود (خەڵکی ئیمامی، سەرپەل). زیندە یاد مەحموودی کلاشی (خەڵکی باوەجانی، کادر و ئەندامی تەشکیلات و دواتر دوای من بوو بە بەرپرسی تەشکیلات). م.ع.ر. (تاوگۆزی، کادر و ئەندامی تەشکیلات). ح.ر. (تاوگۆزی، کادر و ئەندامی تەشکیلات). زیندە یاد عەبدولعەزیزی تاوگۆزی (سەر پەل). زیندە یاد عادل تاوگۆزی (سەر دەستە). زیندە یاد عەبدوڵلای زارعی (پێشمەرگە، خەڵکی گاخۆری). مام حەمە عەلی شروێنە (پێشمەرگە، جوانرۆ) باوا (پێشمەرگە، میرکی) بارام و یۆسف (پێشمەرگە، تاوگۆزی) خەسرەو پاڵانی ( پێشمەرگە، قادرمروەیسی، سەرقلا) درویش خەسرەو( پێشمەرگە، باوەجانی)، فایەقی عەبدوڵاهی (پێشمەرگە، قوایی)، میرزا فاتیح قوبادیپوور ( پێشمەرگە، باوەجانی) دواتر پاش چەند مانگێک ئەم کەسانەش هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانی سەلاسەوە کە برتیین لە ئاسۆ مەحەمەدی خەڵکی نەوشیروانی زەهاو (کادر). مەلا ئەحمەدی تایشەیی، خەلکی تایشەیی زەهاو (کادر). غازی. ش.ح (پێشمەرگە)، سەعید موورادی (پێشمەرگە، قوایی)، محەمەدی حاجی، تاوگۆزی (پێشمەرگە). فاتیح تاوگۆزی (پێشمەرگە). عۆسمانی نەزەری، (پێشمەرگە، تایشەیی). عۆسمانی ئیراندووست (پێشمەرگە، خەڵکی قادرمروەیسی، سەرقلا). حەبیبی پاڵانی (قادرمروەیسی، سەرقڵا). محەمەدی پالانی (تایشەیی) قاسم لهۆنی، زیندە یاد عەلی وەیسی(خەڵکی باینگان، سەرلک). زیندە یاد عێزەت ئەحمەدی (خەڵکی یەکێ لە گوندەکانی نزیکی پاوە، سەرلک). عەنایەتی ئێناخی (سەرلک). ڕەفعەتی ئێناخی (پێشمەرگە).

دواتر ئەم کەسانەش کە هەرکامەیان نزیک بە ١٠٠ تا ٢٠٠ چەکداریان هەبوو و چەکی حکوومەتی عێراقیان بە دەستەوە بوو، هاتنە نێو حیزبی دیموکرات لە ناوچەی سەلاس. نازانم هۆکارەکە چی بوو؟ و چۆن بوو ئەو هەڵوێستەیان گرت؟ بەڵام لە ئەو کاتەدا هەڵوێستێکی جەوامێرانە بوو کە لە پوڵ و پارەی حکوومەتی بەعس وازبێنی و بێیتە ناو هێزی پێشمەرگەی حیزبێکی کوردییەوە کە بۆ ئامانجێکی سیاسی خەباتی دەکرد. ئەو کەسانە بریتی بوون لە فەتاح بەگ (بگزادەی باوەجانی، ئامیر مەفرەزە)، دواتر لە نێو حیزب کرا بە سەر پەل یان سەر لک. زیندە یاد جەهانگیری یوسفی (تاوگۆزی، ئامیر مەفرەزە)، دواتر لە نێو حیزب کرا بە سەر لک. ناوبراو دوای ئەوەی نزیک بە ساڵێک لە ڕیزی حێزبدا بوو لە شەڕێکدا لە گەڵ جاش و پاسدار لە ناوچەکەی خۆیان (تاوگۆزی) شەهید بوو .ئەحمەدی خەلیفەحوسەین (خەلکی نەگری، ڕەوانسەر، ئامیر مەفرەزە). ناوبراو کە هاتە نێو حیزب، تەقریبەن بەشێک لە چەک و چەکدارەکانیشی لە گەڵ خۆی هێنابوو. لە حیزبدا کرا بە سەرلکی جەماعەتەکەی خۆی. بەڵام دواتر چووە پاڵ کۆماری ئیسلامی و تا ئەو جێگەی کە من بیستوومە لە شەڕێکدا لە ناوچەی هەورامان لە گەڵ پێشمەرگەکانی حدکادا دەکوژرێت. لە ئەو بەیناو بەینەشدا کاک عەزەمی عەلی حەیدەر (بە ڕەحمەت بێت) لە گەل جەماعەتێک لە خزم و کەس و کاری خۆی بۆ ماوەی چەند مانگێک هاتنە ڕیزی حیزبەوە و لە گوندی قەلانی سەر مەقەڕێکیان دانا و نابراو وەک سەر پەل دیاریکرا. دوای چەند مانگێک چەکەکانیان تەسلیم بە حیزب کردەوە و گەرانەوە بۆ ناو ماڵ و منداليان لە ئۆردووگای دسکەرە لە لای زەرایەن. دیارە لە ئەو سەردەمەدا کە من لە گەل حیزب بووم زۆر جار کادیر و هێزمان لە کۆمیتەی باینگان و شارستانی هەورامانەوە بۆ دەهات. لە ئەو کەسانە کە من لە بیرم بێت و هاتبێت بۆ سەلاس، دەکرێت نێوی ئەم کەسانە بهێنین: فەرماندەی هێزی شاهۆ کەریمی پووڕقوباد، فەرماندەی هێزی شاهۆ سەروان سابیر. کادیری کۆمیتەی شارستان حەمەنەزیف قادری، حەکیم ڕەزایی، عەباسی وەیسی، جێگیری فەرماندە هێز سابیری حوسەینی (سابیرئێناخی) و زۆر کەسیتر. لە گەڵ داوای لێبووردن، هەر ئەوەندەم لە بیرە کە لە کاتی پێشمەرگە بوونی مندا لە بیرم بێن. دیارە دواتر ئەو هێزە ئاڵووگۆڕی بە سەرداهات. خەڵکی یارسانیش چوونە نێو حیزب و ناوی تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی گۆڕدرا بە هێزی دالاهۆ و کۆمیتەکەش نێوی لێنرا کۆمیتەی شارستانی کرماشان یان داڵاهۆ. دواتریش واتە هاوینی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کە ئێمە گوێزراینەوە بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیە، کۆمەڵەش گوردانێک پێشمەرگەی هێنا بوو بۆ ناوچەکە. ئەمە بێجگە لە بوونی هێزێکی مەجاهدینی خەلق و بزووتنەوەی یارسانەکان کە ئەو کاتە بە جونبشی ئەهلی حەق دەناسران.

جێگای خۆیەتی باسی دڵسۆزی کۆمەڵێک لایەنگری ئەو کاتەی حیزب لە ناوچەکە بکەم کە پێوەندییان بە ئەو زەمانەوە هەیە کە من بەرپرس و کادر و پێشمەرگەی حدکا بووم. زیندە یاد مەجیدی شیرین گوفتار (تایشەیی، سەرقڵا) کە دواتر بوو بە پێشمەرگە و تا ئەم یەک دوو ساڵی پێشە کە ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد هەر بە پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکرات مایەوە. عەزیزی مۆحەمەدی (کاکەڕەشی). کۆمەڵێک گەنجی زەهاوی کە لە ئۆردووگاکانی دەورە و سەنگەر بوون وەک فەرامەرزی ئەڵماسی (کلاشی، جەیران)، یاسین ئەلیاسی (ئەلیاسی). کەریم پالوسای (قادرمروەیسی). لە گەڵ چەندها کەسیتر کە ئێستە لە بەر پاراستنی ئەمنییەتیان ناویان ناهێنم. هەر وەها سەعیدی برای فەتاح بەگ (باوەجانی)، مەجیدی کاکاوەیسی (قوایی) و حەسەن ناوێک (باوەجانی) کە ئەو کات لە لای فەتاح بەگ چەکدار بوون. ئەگەر لە

سەروە ناوی کەسانێکم بردبێت کە لە ژیان نەماون یان شەهید بوون و من ئیشارەم پێ نەکردبێت، داوای لێبوردن ئەکەم! هەر لە ئێرەوە جارێکیتر ڕێز دەگرم لە یاد و بیرەوەری هەموو ئەو ئازیزانەی کە ڕۆژگارێ پێکەوە هاوسەنگەر بووین و ئێستە لە ژیاندا نەماون!

بێجگە لە بوونی چالاکی ئەم هێزە سیاسییانە کە باسکرا چەندها گرووپی چەکداری دیکە لە ناوچەکەداهەبوون کە بە زۆری لە ئەو خەڵکانە پێکهاتبوون کە بە ئاوارەیی چوبوونە باشووری کوردستان و لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە چەکدار کرابوون لەبەرانبەر مانگانەیەکی کەم و بی ئەهمیەتدا. ژمارەی ئەندامانی ئەو گرووپە چەکدارانە لە سەر سنوورەکان کە بە زۆری هەر لە هەمان خەڵکی ناوچەکە بوون کە چووبوونە عێراق، نزیکی٧٠٠٠ بۆ ٨٠٠٠ کەس دەبوون. بەشێک لە ئەم چەکدارانە لە خەڵکانی سەر بە عەشیرەو تایفەکانی سەلاسی باوەجانی بوون .بەشێک لە ئەم چەکدارانە دەیان زانی کە ڕێگایەکی هەڵەیان هەڵبژاردووە بەڵام بە ناچاری. زۆر جار یارمەتی ئێمەیان دەدا، بە پارە، فیشەک وگولە ئاربیجی و ئازووقەو شتیتر. لە ڕاستیدا ئەو چەند ساڵە کە من لە حیزبدا بووم لە ناوچەی سەلاس و ئێمە لە بەینی ٧٠ بۆ ١٠٠ کەس پێشمەرگە دەبووین، بۆ تەنیا یەک جاریش لە لایەن سەرەوی خۆمان، لە حیزبی دیموکرات، تا ئەو جێگاییەی بە بیری من بێت یەک تمەن یارمەتیمان بۆ نەدەهات. ئێمە بە یارمەتی ئەو چەکدرانە و ئەو خەڵکەی خۆمان دەژیاین کە لە ئۆردگاکان لە باشوور بوون. ئەگەر چی لەوانەیە لە باسەکە بچمە دەرەوە، بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم کە تەنیا ئەو گرووپە چەکدارنە یارمەتی ئێمەیان نەئەدا کە سەر بە سەرداری جاف بوون. نە تەنیا یارمەتییان نە ئەدایین، بەڵکوو زۆریش لە دژمان بوون و بۆ لایەنگرەکانمان لە ئۆردووگاکان کێشەیان دروست دەکرد. ئەم گرووپە چەکدارانە لە بەینی زستانی ١٣٥٨ تا هاوینی١٣٦١ی هەتاوی (بۆ ماوەی دوو تا سێ ساڵێک) بە شێوەیەکی گشتی بوونیان هەبوو

کاتێک حکوومەتی عێراق بۆی دەرکەوت کە ئەو چەکدارانە نە حازرن شەڕی کوردی باشوور بکەن و نە بە جیدیش دەچنە شەڕی پاسدارنی ئێران، بڕیاری هەڵپێچان و دوور خستنەوەی ئەو خەڵکەی (بە چەکدار و بێ چەکەوە) دا بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیە.

ئەگەر بکرێت بۆ مێژوو شتێکی باش لە سەر ئەو گرووپە چەکدارانە بنووسی، تەنیا ئەوەیە کە حازر نەبوون شەڕی کوردی باشوور، واتە کوردی عیراق بکەن. من هەوڵ ئەدەم لە دەرفەتێکی دیکەدا بە وردی لە سەر ئەو گرووپە چەکدارانە شتێک بنووسم. دیارە لە ئەو سەردەمەدا کەسی وەهاشیان تێدا بوو کە زۆر دڵسۆز بوو بۆ شۆڕش و حیزب.

خەڵکی سەلاس لە ڕۆمادیەوە بەرەو سیاسەت کردن لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢زایینی حکوومەتی عێراق دەستی کرد بە ناردنی ئەو پەنابەر و ئاوارانەی ڕۆژهەلات کە تا ئەو کات لە ئۆردووگاکانی دسکەرە، عەربەت، باریکە، چوارقوڕنە، ناحیەی قۆرەتوو، سەنگەر و دەورە نیشتەجێ بوون، بۆئۆردوگای ڕۆمادیە. ژمارەی دانیشتوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بووندا بوو. پاش ماوەیەک لە دروست بوونی ئەو ئۆردووگایە، حیزبەکان کەم کەم کەوتنە پێوەندی گرتن لە گەڵ دانیشتوانی ئۆردووگاکەدا. حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە و موجاهدین زۆر چالاکانە لە نێو ئەو خەڵکەدا دەستیان دایە چالاکی سیاسی. حیزبی دیموکرات بە پێی ڕابردووی وبوونی لە ناوچەکە و خۆ گونجاندن لە گەڵ فەرهەنگی خەڵکەکە زۆرینەی خەڵکەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. دوای ئەوان کۆمەڵەییەکان کە ئێمەمانان بووین (من لە ڕۆمادیە دوای دابڕان لە حیزب، پێوەندیم کرد بە کۆمەلەوە)، لایەنی دووهەم بووین. موجاهیدەکان ئەگەر چی ئیمکانات و پووڵ و پارەشیان لە دەست دا بوو، بەلام جگە لە جەماعەتێکی زۆر کەم کەسیان پێ پەیوەست نە دەبوو. جار و باریش ڕێکخراو گەلێکی وەک خەبات و ڕەنجبەرانیش هاتووچۆی ئۆردووگایان دەکرد .بەڵام بە دەگمەن بە بیرم دێت کە خەڵکیان لە گەل کەوتبێت. بە هەر حاڵ لە ساڵەکانی ١٩٨٣ تا ساڵی ٢٠٠٥ کە ئۆردووگای ڕۆمادیە بە تەواوی داخرا بە سەدان و بگرە زیاتر لە گەنجانی ئەم ئۆردووگایە کە زۆربەشیان لە ئەسڵدا خەڵکی سەلاس بوون چوونە ریزی ڕێکخراوە سیاسییەکان (دیموکرات و کۆمەڵە). ئەم کەسانە وەک پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگر دەستیان دایە چالاکی سیاسی. سەرەڕای بوونی دووبەرەکی سیاسی لە نێوان کۆمەلە و حیزبی دیموکرات و دواتر لە نێوان حیزبی دیموکراتی پەیرەوی کۆنگرەی هەشت و حیزبی دیموکراتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، بەڵام بە ئەو حاڵەشەوە بوونی چالاکی حیزبەکان کاریگەرییەکی باشی لە سەر گەنجەکان دانا. هەر ئێستەش سەدان کەس لە خەڵکی سەلاس کە ڕۆژگارێک لە ڕۆمادیە بوون لە ڕیزی حیزبەکان وەک کادری پلە بەرز، پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگر کار و چالاکی دەکەن. ئێستە لە خەڵکی ئەم دەڤەرە کەسانێک هەن کە وەک ئەندامی سەرکردایەتی و کادری بە توانا لە نێو حیزبەکان خەبات دەکەن. بۆ نموونە لە کۆمەڵەی شۆڕشگێر بەڕێزان ئەنوەری موحەممەدی، جەلیلی عەلیپوور، خالیدی عەلیپوڕ، عەزەمی قوبادی، حەبیبی قادری، سۆرانی پاڵانی، مەنسووری یاری، و چەندها کادر و پێشمەرگەی دیکە هەن کە بە زۆری سەر بە ناوچەی سەلاسی

باوەجانین. لە حیزبی دیموکراتدا تاهێری مەحموودی، محیەدینی پاڵانی و دەیان ئەندامی چالاکی دیکە هەن کە لە هەندەران و کوردستان لە پاڵ سیاسەتەکانی ئەم حیزبەدا کاری سیاسی دەکەن. بۆ نموونە زۆربەی بەر پرسانی حدکا لە سوید، وەک موستەفای زارعی، حەمیدی تەیمووری، ساڵحی پالانی، ئەنوەری کاکایی خەڵکی ناوچەی کرماشانن ولەوانەش سەلاسی باوەجانی. هەر وەها لە ڕێکخراوەکانی دیکەش حەتمەن خەڵکی سەلاس و باقی ناوچەکە هەن .بۆ نموونە ئەقبالی سەفەری کە خەڵکی دالاهۆیە لە حدک لە کۆمیتەی ناوەندییە. یان فاتیحی ئارش (باوەجانی) ئەندام کۆمیتەی حدکە لە سوید. یان مەجیدی کاکاوەیسی (قوایی) هەڵسووڕاوی حدکایە لە دانمارک. نامداری سەفەری لە سویس، کەریم پەهلوسای لە دانمارک، مەلا مەجیدی پالانی لە نورویژ، کەماڵی پاڵانی لە کاناد، عەلی پالانی و ئارام عەلیپوور لە سوید، ئەمیری پالانی لە دانمارک، ئەمانە و دەیان کەسیتر لە ئەو کەسانەی ناوچەی سەلاسن کە بە شیوەیەک لە شێوەکان هەڵسووڕاون بۆ ئیش و کاری سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی .دیارە خەڵکی زۆریترمان هەیە، بەڵام جارێک باسی سەلاس دەکەین خەڵکی زۆرتریشمان لە سەلاس ماوە کە دەکرێت باسیان لێ بکەین .بە گشتی خەڵکی ئەم دەڤەرە ئێستە لە باری سیاسییەوە پێشوەچوونێکی باشی بە خۆوە بینیوە.

جێگای خۆیەتی کە لە ئێرەوە یادێک بکەم لە هەمووی ئەو هاوڕێ ئازیزانەم کە ئەو کات لە ئەنجوومەنی لایەنگرانی کۆمەلە کە لە ڕۆژگارە سەختەکاندا لە ئۆردووگای ڕۆمادیە دژ بە کۆماری ئیسلامی، دژ بە کۆنەپەرەستی و ناعەداڵەتی، بە یەکەوە خەباتمان کرد. زۆر زەختمان لە سەر بوو بەڵام کۆڵمان نەدا. لە هەر کوێ کە هەن و لە هەر لایەک کە هەن دەستتان بە گەرمی دەگووشم. ئێستەش هەر بە هاوڕێی خۆمتان دەزانم. دڵنیاتان ئەکەم لە دەرفەتێکدا لە سەر دڵسۆزیەکانتان و ڕۆڵتان وتارێک بنووسم کە شیاوی فیداکاریەکانی ئێوە بێت .لە ئاخردا دەبێ سپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم کە ئەزیەتیان کێشا و لە سەر ناوچەکانی خۆیان زانیارییان پێ بەخشیم :کاک عەبدولڕەحمانی بابایی کە لە سەر چەند پرسێک لە سەر ناوچەی باوەجانی .کاک فەرامەرزی ئەڵماسی کە لە سەر ناوچەی جەگیران (جەیران) و عەشرەت و ئاوائیەکان .سپاس بۆ کاک حاجی ئەحمەدی پیرە کە لە ڕیگای تەلەفونەوە لە سەر ناوچەکە بڕێک زانیاری پێدام.

چەند تێبینییەکی گرنگ:

یەکەم: لە بەر زۆری نێوی ئەو گوندانە (کە نزیک بە ٧٠ گوند دەبێت) کە عەشرەتی باوەجانی لێ نیشتە جێبووە، نەدەکرا نێوی هەموو گوندەکان بنووسم .هەر بەهەمان شیوە ١٣ بۆ ١٤ گوندی سەرقڵاش کە دانیشتوانەکەی بە گشتی لە عەشرەتی وەڵەوەیین، نێویانم نەهێناوە.

دووهەم: ئەو زانیارییانەی کە لە سەرمێژووی سیاسی ناوچەکە و حیزبی دیموکراتم باس کرد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە خۆم لە گەڵ ئەو ڕێکخراوەدا بووم.

سێهەم: باسی ژمارەی گروپە چەکدارەکانم کرد کە ٧ بۆ ٨ هەزار کەس دەبوون .لە ڕاستیدا ئەم ژمارە زۆرەیە و بگرە لە ئەوەش زۆرتر، هەر لە چەکدارنی عەلی مەریوانی، مەحموودی ئاشتیانی لە ناوچەی مەریوان، جەماعەتی ڕزگاری لە هەورامانی تەخت، جوانرۆیی و ئێناخی، کەلاشی و زێرانی لە جوانرۆ، نزیک بە ١٠ گرووپی چەکداری سەر بە سەلاس (لە هەموو عەشرەتەکان)، ١٠ تا ١٥ گرووپی سەر بە عەشرەتەکانی قەلخانی (لە جەماعەتی یارسان) و بە هەمان ئەندازەش لە عەشرەتەکانی تایشەیی، ئەلیاسی، بێویانی، تەپانی، قادری، سۆفی و...هتد لە ناوچەی زەهاو و پشتەنگی زەهاوی لە خۆ دەگرت.

چوارەم: دوای ئەوەی ئەو خەڵکە چوونە ڕۆمادیە و تووشی زۆر نەهامەتی هاتن، ئالوگۆڕێک بە باری ئەرێنی لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە. هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێری بە هێزتر بوو. بە تایبەت گەنجەکان ڕوویان کردە سیاسەت و خەبات کردن. بوونە پاڵدە وپشت و پەنایەکی باش بۆ حیزبەکان، بە تایبەت بۆ حیزبی دیموکرات .دەیان کەسی ئەو ناوچەیە لە ڕێزەکانی ئەو حیزبەدا شەهید بوون.

پێنجەم: من کە لە باسەکەمدا زۆر جار باسی تایفە و عەشرەت ئەکەم، بە ئەو مانا نییە کە زۆر حەز دەکەم کە ئەم نەریتە بمێنێتەوە. نە قەد وا نییە !سیستەمی تایفە گەری لە نزیک ٥٠ ساڵ پێشەوە لە ئێران و ناوچەکەی ئێمەش کۆتایی پێ هاتووە. بەڵام هێشتا لە ئێرە و ئەوێ خەڵک بۆ ناساندنی ناوچەیەک یان چەند گوندێک باسی فڵانە عەشرەت یان تایفە دەکەن. ئەگینە هەموو ئەو خەڵکە، یەکەم مرۆڤن، کوردن، خەڵکی یەک وڵاتن، هاوچارەنووسن. خۆشی و ناخۆشییەکانیان هەر یەکە.

داوای لێبووردن لە خوێنەران ئەکەم کە قەولم دابوو لە ئەم بەشەدا کە بەشی چوارەمی نوسراوکەیە باسی دالاهۆشم بکردایەت. لە بەر دوور و درێژی باسەکە لە سەر سەلاس، باسی داڵاهۆ دادەنێم بۆ بەشەکانی داهاتوو.

سەرچاوەکان: نەقشەی ئێران (چاپی١٣٨٥ی هەتاوی)، ویکی پێدیا و زانیارییەکانی نووسەر لە سەر بابەتەکە.

عەلی قەنبەری ٢١-٣-٢٠١٢ زایینی، ڕێکەوتی ١-١-٢٧١٢ی کوردی. نەورۆزتان پیرۆز!

**بەشی پێنجەم، شارستانی سەرپێڵی زەهاو**

٦ -سەرپێڵی زەهاو پێکهاتە، زاراوە، ئایین سەرپێڵی زەهاویش شارستانێکی تری پارێزگای کرماشانە کە لە ڕۆژئاوای ئەم پارێزگایە هەڵکەوتووە .

لە ڕۆژئاواوە هاو سنوورە لە گەڵ ناوچەی خانەقین و کەلار، لە باکوورەوە لە گەڵ سەلاسی باوەجانی، لە ڕۆژئاواوە لە گەڵ شارستانی داڵاهۆ و لە باشوورەوە لە گەڵ قەسری شیرین و گێلانی ڕۆژئاوا. ژمارەی دانیشتوانی (١٣٨٥ هەتاوی) ٨٤٩٤٥ کەس وە ئێستە دەبێ نزیک بە ١٠٠ هەزار کەس بێت.

شارستانی سەرپێڵی زەهاو لە یەک بەخش وپێنج دێهستان پێکدێت و ناوەندەکەشی شاری سەرپێلە .نیوی دێهستانەکان بریتین لە :١ -دێهستانی دەوروبەری سەرپێل (حومە) کە زیاترلە ٥٠ ئاوایی لە خۆ دەگرێت و زۆرینەی خەڵکەکەی بە زاراوی گۆرانی (کەڵهووڕی یان کوردی خوارین) دەپەیڤن و بە زۆریش سەر بە ئایینی یارین. ئەو بەشە لە خەڵکی کوردی یارسان کە لە ئەم دێهستانە دەژین و زیاتر لە ٣٠ ئاوایی لە ئەو ٥٠ ئاواییە پێکدێنن بە زۆری سەر بە تیرە و تایفەکانی دارا ڕەشید، قووچی باشی، بازگر، کەواڵی و چەند عەشرەتێکیترن، کە هەموویان سەر بە هۆزی (ایل) گۆرانن .هەر وەها دانیشتوانی ئاواییەکانی سەراو گەرمی سەر ، سەراو گەرمی خوار، شارەکی (شهرک) بانگر و ١٠ تا ١٢ ئاوایی دیکەی دەوروبەری ئەم ناوچەیە لە خەڵکی کەڵهووڕ پێکدێن کە بە زاراوەی کەڵهووڕی دەپەیڤن و لە باری ئائینیشەوە شیعە مەزهەبن. هەر لە ئەم دێهستانە ٥ تا ٦ گوندێکی دیکە هەن کە خەڵکەکەی سوننی مەزهەبن و بە زاراوی جافی سۆرانی قسە دەکەن (دەپەیڤن). لە وانە ئاواییەکانی کلاشی، پیران، گلۆم کەوەی سەر (عەشرەتی قەڵخاچەک) ،گلۆم کەوەی خوار (عەشرەتی نەیلکی)، کۆییکی شوکر و یەک دوو گوندی دیک.

عەشرەتی قووچی باشی لە دێهستانی بێونیژیش کە لە سەر شارستانی کرند دەژیان یان هێشتاکە بۆ کشتوکاڵی زەویەکانیان هاتووچۆی ئەو ناوچەیە ئەکەن .خەڵکی ئەم تایفە لە مانگی پووشپەڕی ١٣٥٩ هەتاوی دوای ئەوەی کە گوندەکەیان لە لایەن هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامییەوە گەمارۆ ئەدرێت، بۆ دیفاع لە خۆیان و ماڵ و منداڵیان تووشی تێکهەڵچوونێک لە گەڵ هێزەکانی ڕژیم دەبن ودوای کوشتنی ٧٠- ٨٠ کەس لە هێزەکانی ڕژیم بە ناچاری زێدی خۆیان بە جێ دەهێڵن و دەچنە عێراق. چوونکە ڕووداوەکە پێوەندی هەیە بە ناوچەی کرندەوە، ئەو کاتە کە دەچمە سەر کرند زیاتر باسی لێوە دەکەم.

تا ئاخر و ئۆخری دەسلاتی بەگزادە و خانەکان لە ئێران و لە کوردستانیش (١٣٤٢ هەتاوی، سالی کۆتایی نیزامی دەرەبەگایەتی بوو لە ئێران) خانەوادەی ڕەشید سەلتەنە حوکمی بە سەر ئاواییە گۆران نشیینەکانی ئەم دەڤەرەدا کردووە.

لە زۆر جێگای دیکە باسم لە ئەوە کردووە کە کوردی یارسان لە پارێزگای کرماشان (بێجگە لە لەکی یارسان)، بە گشتی سەر بە سێ هۆزی بە ناوبانگی پارێزگاکەن کە بریتین لە سنجاوی، گۆران و قەڵخانی. تایفەیەکی تریش هەن کە پێیان دەوترێ تفەنگچی. ئەم تایفە زۆر جار بە هۆزێک یان تایفەیەکی سەر بەخۆ لە ئەو سێ هۆزەکەی تر ناوی لێ

دەبرێت، بەڵام بە پێی هیندێک بۆ چوون تفەنگچییەکان بەشێکن لە هۆزی گۆران. لە ڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە گۆرانەکان کە لە سەرپێل و دوەروبەر، کرند و دەوروبەر و گاوارە ودەیان گوندی دەوروبەری نیشتەجێن گەورەترین هۆزی خەڵکی یارسانن لە بەشی ڕۆژئاوای پاریزگای کرماشان. هەروەها بەشێک لە هۆزی سنجاویش لە ڕووی مەزهەبییەوە شیعە و سونین.

٢ -دێهستانی دەشتی زەهاو لە ٣٠ بۆ ٣٥ ئاوایی پێکهاتووە. زۆرینەی دانیشتوانی ئەم دێهساتانە بە زاراوەی جافی سورانی دەپەیڤن و لە باری مەزهەبیشەوە سونیمەزهەبن کە بریتین لە ئەم عەشرەتانە: کوییک لە ٤ گوند، تایشەیی ٥ بۆ ٦ گوند، کلاشی٢ ئاوایی (کلاشییەکان لە دێهستانی جگیرانیش لە دوو، سێ گوند نیشتەجێن)، قادری لە سەراو زەواو، تەپانی لە گوندی تەپانی، ئەلیاسی٢ گوند (زۆرینەی گوندەکانی سەر بە عەشرەتی ئەلیاسی کەوتوتە سەر دێهستانی پشتەنگ کە دواتر باسیان ئەکەین)، بێویانی٥ بۆ ٦ گوند، خێڵی سۆفی لە ئاوایی ملەدزگە، جاوری لە ئاوایی جاوری (دەلەشێر)، یەک دوو گوندی سەر بەعەشرەتی نێرژی، یەک دوو گوندی سەر بە عەشرەتەکانی قەلخانچەک .( لە گەل داوای لێبوردن لە خوێنەر بەشیک لە عەشرەتی قەڵخانچەک لە دەروەن زەردی سەرقلاش دەژین کە سەر بە شارستانی سەلاسی باوەجانییە کە لە بەشی چوارەمدا نێویانم نەهێنابوو). هەر وەها گوندەکانی سەر بە عەشرەتی قلاوڕی کە لە سێ گوند پێکهاتووە، دانیشتوانەکەی سەر بە هۆزی قەڵخانین و بە زاراوەی کەڵهووڕی دەپەیڤن و لە باری ئایینیشەوە سەر بە ئایینی یارین .بێجگە لە ئەم تیرە و تایفانە کە باسکران، یەک گوندی دیکە لە ناقۆپی زەهاو هەبوو کە دانیشتوانەکەی خەڵکی کوڵکوڵ بوون لە هۆزی سنجاوی کە ئەگەر هەلە نەبم شیعەمەزهەب بوون. هەر بۆ ئاگاداری ئێوە لە گوندی هوانیش کە دەکەوێتە سەر دێهستانی سەرقلا١٠ تا ١٥ ماڵێکی دیکەی سنجاوی هەبوون کە بە زۆری گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. دەشتی زەهاو سروشتێکی زۆر جوانی هەیە، بە تایبەت لە بەهاراندا بۆ گەشت و سەیرانی نەورۆزی. دەڤەری سەرپێلی زەهاو بە گشتی و دەشتی زەهاو بە تایبەتی دەڤەرێکی گرنگە بۆ کشت وکاڵ و زەراعت.

٣ -دێهستانی پشتەنگی زەهاو یەکێکیترە لە دێهستانەکانی سەر بە شارستانی سەرپێلی زەهاو کە لە نزیکی ٣٥ بۆ ٤٠ گوندێک پێکهاتووە .بێجگە لە ٤ بۆ ٥ گوندی نەبێ کە دانیشتوانەکەی جافی سۆرانین و بە زۆری سەر بە عەشرەتی ئەلیاسین، باقی دانیشتوانی ئەم دێهستانە لە خەڵکی یارسانن کە ئەوانیش سەر بە هۆزی قەڵخانین و بە زاراوەی کوردی خوارین یان کەڵهووڕی دەپەیڤن. تا پێش لە شەڕی ئێران و عێراق گەورەترین گوند (ئاوایی) لە گوندەکانی ئەم دێهستانە بزمیرئاوا و پشتەنگی ئەلیاسی (ئاوایی کوێخا بارام) بوون. پشتەنگ ناوچەیەکی تا ڕادەیەک شاخاوییە و هەڵکەوتووە لە نێوان دەشتی زەهاو لە لایەک و کێوی داڵاهۆ لە لایەکیترەوە. هەر وەها هاوسنووریشە لە گەل سەلاسی باوەجانی .لە بەگزادەکانی ئەم ناوچەشە تا کاتی نەمانی نیزامی خان خانی لە ئێراندا، بنەماڵەی قەنبەر سوڵتان بووە .هۆزی قەڵخانی لە ئەم دەڤەرە (پشتەنگ) بە زۆری پێکدێت لە عەشرەتەکانی پشت ماڵە، ڕەمەکی، ڕۆستەم، جوانمیری، قورێ وچەند تیرە و تایفەی تر.

٤ -دێهستانی قلاشایەن. ئەم دێهستانەش کە لە ٣٠ تا ٣٥ گوند پێکدێت، یەکێکی ترە لە دێهستانەکانی سەر بە ناوچەی سەر پێلی زەهاو. خەڵکی ئەم دێهستانە سەر بە هۆزی کەڵهووڕن، بە زاراوەی کەڵهووڕی دەپەیڤن و سەر بە مەزهەبی شیعەن. تا لە بەین چوونی نیزامی دەربەگایەتی لە ئێران خەڵکی ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسڵاتی بەگزادەکانی خانەوادەی کشتمەندەکان بوون. یەکێک لە گەورەترین پادگانە سەربازییەکانی کرماشان (پادگانی ئەبووزەڕ) لە ئەم دەڤەرەیە .سەراو قلاشایەن کە دیمەنێکی جوانی هەیە هەر لە ئەم ناوچەیە هەڵکەوتووە. ئەم دەڤەرەش کە هاو سنوورە لە گەڵ گێلانی ڕۆژئاوا (گیلان غرب) و شاری سەرپێل، ناوچەیەکی زۆر خۆش و بە پیتە بۆ کشتو کاڵ و ئاژەڵداری.

ئاوائی ئەنزەڵ دەکەوێتە سەر ئەم ناوچەیە. لە کاتی داڕمانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ ئۆردووگایەک بۆ هەزاران بنەمالەی کوردی باشوور لە نزیک ئەم گوندە دروست کرا و نێوی ئۆردووگای ئەنزەڵی لێنرا. ئەو ئۆردووگایە پاش یەک سال (دوای ئەوەی کە خەڵکەکەی بەشێکیان گەڕانەوە بۆ عێراق و باقییەکەشیان بەرەو ناوەوەی ئێران دوور خرانەوە) داخرا.

٥ -دێهستانی بشێوەی پاتاق کە لە نزیکی ٢٥ ئاوایی پێکهاتووە، دەکەوێتە نێوان شاری سەرپێڵ و ملەی پاتاق لە سەر ڕێگای نێودەڵەتی تاران و بەغدا. ئەم دەڤەرە نزیکە لە کرند و ڕێژاو کە ئاو و هەوایەکی سارد و فێنک، باخ و باخاتێکی زۆر و سروشتێکی یەکجار جوانیان هەیە .تا ئەو جێگایە کە من ئاگادار بم زۆرینەی خەڵکی ئەم دێهستانەش سەر بە هۆزی کەڵهووڕن و سەر بە مەزهەبی شیعەن. کۆنترین ئاسەوارە مێژووییەکانی سەر دەمی لۆلۆبییەکان و ساسانییەکان

لە ئەم دەڤەرە دەبینرێت. بێجگە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ئەم ناوچەیە بە دەڤەرێکی باش ناسراوە بۆ سەوزی کاری و زەراعەت.

بە گشتی شارستانی سەرپێڵی زەهاو نزیکی ١٨٠ گوندی هەیە کە دانیشتوانەکەی بەم شێوەیەن. خەڵکی سەر بە هۆزی کەڵهوڕ ٦٥ بۆ ٧٠ گوند، هۆزی قەڵخانی ٣٠ بۆ ٣٥ گوند، هۆزی گۆران ٣٠ بۆ ٣٥ گوند، جافەکان ٤٠ بۆ٤٥ گوند و سنجاوی یەک دوو گوند .جێگای خۆیەتی کە ئیشارە بکەین بە هۆزی گەورەی زنگنەش کە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە و لە زۆر جێگای کرماشان، باشووری کوردستان و زۆر جێگای ئێران دەژین. زەنگنەییەکان بە دڵنیاییەوە لە شاری سەرپێڵیش بوونیان هەیە. ئەم هۆزە بە زۆری لە کرماشان. ماهیدەشت و سنقووری کولیایی دەژین. خەڵکی ئەم ناوچانە و شاری سەرپێڵیش هەر هەموو کورد زمانن کە بە دوو زاراوەی کەڵهووڕی و سۆرانی دەپەیڤن .لە باری ئائینیشەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە شێعە، سونی و یارسانین.

هونەر و مۆسیقا

لە ئەم ناوچەیە زۆر جار بۆ شای و گۆڤەند لە جیاتی گۆرانی و گۆرانیبێژ ساز و دەهۆڵ (دەهۆڵ و زوڕنا (بە کار دەگیرێ. ساز و دەهۆڵ ئەگەر چی لە هەموو جێگایەکی کوردەواری بە کاردەهێنرێت، بەڵام لە ئەم دەڤەرە زۆر جیاوازترە. تەنانەت لە کاتی پرسە و مردنی کەسێکی ناوداری ناوچەکە و بە تایبەت لە نێو هۆزی کەڵهووڕ لە ئامێری ساز و دەهۆڵ ئیستفادە ئەکەن کە پێی ئەڵێن چەمەری (مەبەست شیوەی ژەندنەکەیە)٠. هۆرەش یەکێکی ترە لە ئاوازەکانی ناوچەکە. دەڵێن هۆرە لە دەورانێک (پێش لە ئیسلام) کە ئائینی زەردەشت دینی کوردەکان بووە وەک زکر وئاوازی مەزهەبی خوێندراوە. ئاهوورا ناوی خوداوەندە لە لای زەردەشتییەکان. هۆرەش هەر لە وانەیە بە مانای زکر، ستایش و پاڕانەوە لە خوداوەند بوو بێت.

سەرەڕای جیاوازییە مەزهەبی، زاراوەئی وعەشیرەتییەکان، خەڵکی ئەم دەڤەرە زۆر تێکەڵ بەیەکن و ژیانیان زۆر بە یەکەوە گرێدراوە. بۆ نموونە لە شاری سەرپێڵ کە هەر سێ پێکهاتەکەی تێدا ئەژین لە بازاڕدا هاو دووکاندارن. لە گەڕەکەکاندا هاوماڵن و لە شوێنی کار و خوێندنگاکاندا پێکەوەن. بە گشتی ئەگەر ناحەز و دوژمن لە ئەم خەڵکە واز بهێنێ، وەک کەس و کاری یەک پێکەوە دەژین، ئەگەر چی لە ئێرە و ئەوی هەم ڕژیمەکان وهەم خەڵکی تێکدەر، دڵڕەش و ناحاڵیش لە ڕابردوودا ڕۆڵیی خرابیان بینیوە.

لە شاری سەرپێڵ بە پێی زانیارییەکان ئێستە هەر سێ پێکهاتەکە لە ڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە تەقریبەن وەک یەک ئەبن. زۆرینەی خەڵکی ئەم ناوچەیە سەر بە هۆز و تایفەکانی کەڵهوڕ، جاف، قەڵخانی و گۆرانن. کۆمەڵە خەڵکێکیش لە شاری سەرپێڵ دەژین کە پێیان دەگووتری خەڕات. خەڕاتەکان کە ئەوانیش هەر کوردن، بەداخەوە زۆر جار بە چاوی خوار چاویان لێ ئەکرێت. ئەوان خەڵکانیکی زەحمەتکێشن کە لە ڕابردوودا لە ڕیگای ئیشی خەڕاتی، واتە دارتاشیەوە خۆیان و خانەوادەکانیان ژیاندووە. خەڵکێکی زۆری سەر بە ناوچەی سەلاسی باوەجانی، بە تایبەت خەڵکی سەرقلا، جەگیران و ئەزگڵە ئیستە بە زۆری لە شاری سەرپێڵ دەژین. زۆربەیان تەنیا بۆ کشت وکال سەردانی گوندەکانیان دەکەن ئەگینە لە شاردەژین.هەر ئێستەش پتر لە ١٥٠٠ بنەماڵە و بگرە زیاتریش کە سەر بە گوندەکانی سەرپێڵی زەهاون و پێش لە شەڕی عیراق – ئێران و لە کاتی شەڕی ئەم دوو دەوڵەتە ئاوارەی عێراق بوون، نەگەڕاونەتەوە جێگا و شوێنی خۆیان و لە هەندەران و باشووری کوردستان دەژین.

مێژووی سەرپێڵی زەهاو

بە بۆچوونی مێژووناس و ڕۆژهەڵاتناس ڕاولینسۆن، شاری سەرپێل لە ڕووی ئاسەوارەوە بە هەشتەمین شاری دونیا دادەنرێت. بە بۆچوونی ناوبراو ئاسەوارەکانی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ ٤٨٠٠ ساڵ پێش ئێستە. ئانوبانیین کە پادشای لۆلۆییەکان بووە ناوەندی دەسلاتداری لە ئەم دەڤەرە بووە.

ڕێکەوتننامەی زەهاو

ن. لازاریف لە کتێبی مێژووی کوردستان لە سەر ڕێکەوتننامەی مێژوویی زەهاو ئاوەها دەنووسێ :ئەم ڕیکەوتننامەیە لە ساڵی ١٦٣٩ زایینی لە نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوی هاتە مۆر کردن. لە ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هەموو ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە پشت زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس، کەوتنە ژێر دەسلاتی عوسمانییەکان. واتە بەشی ڕۆژئاوای ئەو

زەنجیرە چیایانە (زیاد کردنی خۆمە) کە بەشیکی زۆری عێراقی ئەوڕۆ لە خۆ دەگرێت. لە ئەو ناوچە و شارانەی کە بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە کەوتنە ژێر دەسڵاتی ئیمپراتووری عوسمانی دەکریت نێوی ئەم شوێنانە بێنین: بەغدا، کووفە، نەجەف، بەسرە تا دەگاتە کەناری ئاوە قووڵەکانی نێوان ئەو دوو ولاتە و چەند شوێنێکی تر. ئەگەر چی ئێران لە ئەو ڕێکەوتننامەیەدا زەرەرمەندی ئەسڵی بوو بەڵام ناوچەی زەها هەر لە سەر وڵاتی ئێران مایەوە.

ئا بەئەم شێوەیە دوای ڕێکەوتننامەی چاڵدران (١٥١٤ زایینی) کە بوو بە هۆی دابەشکردنی کوردستان لە نێوان عوسمانی و سەفەوی، جارێکی تر بەشێکی گرنگی ناوچەکە کە کوردیشی تێدا بووە دابەشبوون بە خۆوە دەبینێت .(زیاد کردنی خۆمە). بۆ ئاگاداری خوێنەری بەڕێز تا پێش لە ڕێکەوتننامەی زەهاو، هەموو ناوچە کورد نشینەکانی ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی تا بەغدا بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر دەسڵاتی خۆماڵی بەگزادەکانی کەڵهوڕ بوون .بۆ نموونە شاری بەغدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ژێر دەسڵاتی کەڵهوورەکان و یەک لە وان حکوومەتی ذوڵفەقارخانی کەڵهوور بووە. سنووری ئەم دەسڵاتە لە دەڤەری کرماشانەوە دەستی پێکردووە. کەڵهووڕەکان بە گەورەترین هۆزی کوردی لە ناوچەکەدا دێنە ئەژماردن. ئەم هۆزە خاوەن مێژوویەکی زۆر دوور و درێژن .بێجگە لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام، لە باشووری کوردستانیش لەناوچەکانی خانەقین، کفری، کەلار و تا سنووری شارەزۆر دەژین. بێجگە لە زۆر جێگای تری ئێران، لە ناوچەکانی تری کوردستانی ڕۆژهەلات وەک سەقز، بۆکان، مهاباد. میاندوئاو و تەنانەت ورمی و سەڵماسیش کەڵهووڕەکان بە پرژ و بڵاوی دەژین. لە زۆر جێگا خەڵکی ئەم هۆزە بوون بە سونی و لە زۆر جێگاش وەک بۆ نموونە ناوچەی کرماشان و ئیلام بە شیعەمەزهەبی ماونەتەوە. یان لە وانەیە ئەم بەشە پێشتر سونی بووبن و دواتر مەزهەبیان گۆڕابێت. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە ئەو بەشەی کە کەوتووەتە ژێر دەسلاتی عوسمانی بوون بە سونی و ئەو بەشەش کە کەوتووتە بن دەست سەفەوی بوونەتە شیعەمەزهەب.

## سروشتی ناوچەکە

ناوچەی سەرپێڵی زەهاو ناوچەیەکی بە هاوینان زۆر گەرم و لە زستاناندا هەوایەکی مامناوەندی (معتدل) هەیە. لە بەهاراندا دەکرێت بە بەهەشتی ناوچەکە وەسف بکرێت. کەلی داوود، قلاشایەن، دەشتی زەهاو تا ملەدزگە، قەرەبلاغ تا سەراوگەرم، پاتاق و چەندها شووێنی تری ئەم دەڤەرە پڕ پڕە، لێواو لێوە لە خەڵکی دەڤەرەکە و شوێنەکانیتری کرماشان. گەشتیاران لە هەموو ئێران دێنە ئەم شوێنانە بۆ بە سەر بردنی کاتی پشووی نەورۆزی. جگە لە ئەمانە لە بەهاراندا چەندها ڕەووەک و گیای سروشتی کە بە زۆری لە کێوی دالاهۆ و بنارەکانی و زۆر جێگای دیکە دەڕوێن، شاری سەرپێڵ پڕ دەکەن لە بەرهەمی سروشتی خۆماڵی. لە وانە ئەنواعی قارچکی کێوی بەنرخ، گونۆڕ، پیچک، سوورۆنە، کەنگەر و زۆر شتی تر کە هەم سەرچاوەیەکی باشە بۆ داهات (دەرامەد) و هەم بۆ خواردنی بە سوود و هەرزان کە بۆ ماوەی یەک، دوو مانگێک لە بازاڕ بوونیان هەیە. جگە لە ئەمانە بوونی ڕووباری ئەڵوەن و ئاوی دەلەشێر و چەند سەراوێک، وەک سەراوی قلاشایەن، سەراوی ماراو لە لای پاتاق، شەلاڵی (آبشار) پیران و چەندین ئاو و کانی و سەراوی تر، سروشتی ئەم ناوچەیە زۆر زیاتر دەرازێنێتەوە. ئەگەر لە ئەم دەڤەرە دەڕوانی کە لە هەر چواردەورەوە بە کۆمەڵە کێو و شاخێکەوە ڕازاوەتەوە. لە وانە کێوی دالاهۆ، ئاسنگەران، چرمکسوار و گامێشان و چەند شاخ و گردی دیکە.

## ڕووباری ئەڵون

ئاوی ڕووباری ئەڵوەن کە پێم وایە لە دالاهۆوە سەرچاوە دەگرێت، شارئەکات بە دوو کەرتەوە و ئارام ئارام دەڕوات بەرەو شاری قەسری شیرین و لە ئەوێشەوە بەرە خانەقین لە باشووری کوردستان. سەرچاوەی ناولێنانی ئەم شارە بە سەرپێڵ، لە بەرهە بوونی ئەو پێڵە (جسر) گەورەدایە کە لە سەر ڕووباری ئەڵوەن دروستکراوە و شار دەکات بە دوو بەشەوە. لە رابردوودا زۆر جار باپیرانمان وەک مەسەل و نوکتە دەیانگووت، سەرپێڵ ئەگەر پێڵەکەی نەمێنێ جا لە سەرەکەی زیاتر چی ئەمێنێ. کە باسی ئاوی ئەڵوەنم کرد، و بیری خوێنەری دێنمەوە کە ڕژیم بۆ زەحمت خستنە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی خانەقین، تاکوو ئێستە چەند جارێک ئاوی ئەم ڕووبارەی بەر بەست کردووە ونەیهێشتووە بڕوات بۆ خانەقین. شتێک کە بە پێچەوانەی بڕیارە نێونەتەوەییەکانە. لە ڕوانگەی ڕژیمەوە خەڵکی

خانەقین لە بەر ئەوەی بە زۆرینە شیعەن دەبوایە دەنگیان بە عەرەبە شیعەکانی عێراق بدابایەت، بەڵام خانەقینیەکان کورد بوون و کوردستانی بوونیان خستە پێش دینەکەیانەوە و دەنگیان بە کوردەکان دا و داواش دەکەن کە خانەقین بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە رژیمی ئیسلامیش وەک تۆڵە کردنەوەیەک ئاوەکەی لێ دەگرتنەوە.

شەڕی عێراق و ئێران و کاریگەری لە سەر ناوچەکە

لە کاتی هێرشی حکوومەتی سەدام بۆ سەر ئێران دوای داگیرکردن و وێران کردنی شاری قەسری شیرین کە دواتر دێمە سەری، شاری سەرپێلیش تەقریبەن وێران کرا و خەڵکەکەی ناچار بە چۆڵ کردنی شارەکە بوون. ئەمە جگە لە چۆڵکردن و وێران بوونی نزیک بە تەواوی گوندەکانی سەر بە ئەم شارستانە. هەر وەک پێشتریش باسم کردوە دانیشتوانی نزیک بە ١٠٠ گوندی ئەم ناوچەیە ئاوارەی عێراق بوون، کە بە زۆری لە خەڵکی یارسان و سۆنی مەزهەب و سەر بە هۆزەکانی جاف، گۆران و قەڵخانی بوون. باقی خەڵکی ناوچەکە کە ئەوانیش بە زۆری سەر بە هۆزی کەڵهوڕ و شیعەمەزهەب بوون ئاوارەی شارەکانی تر وەک کرماشان و شائاباد و ئەم لا و ئەولا بوون. دیارە بەشێکیش لە خەڵکی جاف ، گۆران و قەڵخانیش ڕێگای مانەوە لە ئێرانیان هەڵبژارد و ئاوارەی کرماشان و شارەکانی تری ئەو دەڤەرە بوون. هەر وەک لە سەر شوێنەکانی تر باسم کردووە ئاوارە بوونی ئەو خەڵکە بۆ عێراق لە دوو کاتی جیاوازدا و لە بەر دوو هۆکاری سەرەکی جیاواز بووە. یەکەم ترس لە ڕژیمی تازە بە دەسلات گەیشتووی توندڕەوی شیعە مەزهەبی کۆماری ئیسلامی و دووهەم شەڕی نێوان عێراق و ئێران. کاتی ئاوارە بوونەکەش :یەکەم هاوکاتە لە گەڵ فتوای ئایەتوڵا خۆمەینی لە دژی گەلی کورد (گەلاوێژی ١٣٥٨ هەتاوی) و هاتنی حاکم شەعی ڕژیمی ئیسلامی )خەڵخاڵی جەلاد و پیاو کوژ) بۆ کوردستان و بۆ ناوچەی کرماشانیش، کە دەستی دایە ئعیدام کردنی چەندها خەڵکی بێتاوان لە ناوچە کوردنشینەکان .دووهەم دەسپێکردنی شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە بوو (هاوینی ١٣٥٩هەتاوی). شتێک کە زۆر سرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە بێجگە لە یەک دوو خێزانی شیعە مەزهەب نەبێ لە ئەم دەڤەرە، کسی تری شیعەمەزهەب نەبوو کە بەرەو عێراق بچێت. ئەگەر هەڵە نەبم پادگانی ئەبووزەڕیش کە لە لای قڵاشایەن دامەزرابوو لە لایەن جێشی عێراقەوە دەستی بە سەردا گیرا.

ئەوەی کە جێگای باسە چەند گرووپێک لە ئەو خەڵکە کە پێشتر چووبوونە عێراق و چەکی ئەو حکوومەتەیان هەڵگرتبوو، هاو کات و هاو شان لە گەڵ جێشی عێراق ئەوانیش بەشداری ئەو هێرشە بوون. بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز ئەو کاتەی کە شەڕ دەستی پێکرد من و خانەوادەم لە دزڵی مەریوان بووین و بە تەمای گەرانەوە بووین بۆ نەوسوود. هەر بۆیە زۆر لە چەند و چۆنی ڕووداوەکان، بێجگە لە ئەوەی کە دواتر بۆمیان گێرابێتەوە، ئاگادار نەبووم.

گوایە لە ئەم هێرشانەدا لە لایەن جەماعەتێک لە چەکدارانی سەر بە سەرداری جافەوە نزیکی ٢٤ کەس لە عەشرەتی کۆئیک، ٥ کەس لە عەشرەتی نەیلکی و دوو سێ کەسێکی تر لە ئەم لاو و ئەو لای تر کە گوایە پاسداری ئێران بوون، بە دیل ئەگیرێن و تا ئێستەش بێ سەر و شوێنن. هاوکات لە گەڵ دەست پێکردنی شەڕەکەدا، یان لە ئەو کات و ساتەدا ١٢ کەس لە خەڵکی قەڵخانچەک کە لە ترسی گولەی تۆپ و تەیارە لە ژێر زەمینێکدا خۆیان حەشار دابوو دەکوژرێن.

ئابووری ناوچەی سەرپێلی زەهاو

سەرپێل لە ڕابردووی نە چەندان کۆندا تەنیا شارە دێیەک بووە (٧٠ بۆ ٨٠ ساڵ پێش). بەڵام لە بەر ئەوەی کە هەڵکەوتووە لە سەر ڕێگای کرماشان- قەسری شیرین، بۆ کار و کاسبی جێگایەکی گرنگ بووە، بەم شیوەیە گەورە دەبێت و دەبێتە شارێک کە سەرە ڕای کاول بوون (وێران بوون) لە شەڕدا، ئێستە نزیکەی ٦٠ بۆ ٧٠ هەزار کەس دانیشتووی هەیە. بۆیە ناوی زەهاویش وەک پاشکۆ بە شوێنیەوەیە لە بەر گرنگی ناوچەی زەهاوە. ئاخر ئەم ناوچەیە هەم لە باری ژمارەی دانیشتوانەوە و هەم داهات لە ڕێی کشتووکاڵ و ئاژەڵدارییەوە بۆ شاری سەرپێل زۆر گرنگە .لە مێژووشدا ئەم ناوچەیە زۆرتر بە زەهاو ناسراوە .بە گشتی خەڵکی ئێرەش هەر وەک دانیشتوانی تری پارێزگاکە لە ڕێگای کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، کەسابەت و کرێکاری گوزەران دەکەن. هەبوونی دەروازەی پرویزخان -قورەتوو تا ڕادەک بە بووژانەوەی ئابووری ناوچەکە بە سوودە .ڕۆژانە قەرەباڵخییەکی زۆر لە ئەو سنوورە هەیە بۆ کڕین و فرۆشتنی کاڵا، بە تایبەتی کاڵا ی ئێران کە دێتە باشووری کوردستانەوە. زۆربەی خەڵکی سەلاسی باوەجانیش بۆ کڕینی پێداویستی ژیانیان ڕوو لە شاری سەرپێل دەکەن. لە ڕاستییدا خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر لە یەک نزیک و تێکەلاون.

ئێستە دەروازەی پەروێزخان بووەتە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی و هاتووچۆیەکی زۆری لە سەرە .بەشێکی زۆری خەڵکی ئەم دەڤەرەش، بە تایبەت کەڵهووڕەکان لە دام و دزگای حکوومەتی و خزمەتگوزاری کار ئەکەن.

مێژووی سیاسی و بەشداری خەڵکی ئەم ناوچەیە لە شۆڕشی کوردیدا

هەر وەک چۆن لە سەر سەلاس باسم کرد خەڵکی ناوچەی سەرپێڵی زەهاو، بە تایبەت ئەوانەی کە ئاوارەی عێراق بوون (بە زۆری سۆرانی و یارسانی) ئاشنایەتییەکی باشیان لە گەڵ حیزبە کوردییەکاندا پەیدا کرد و هەر ئێستە سەدان کەس لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کە لە هەندەران و یان لە باشووری کوردستان دەژین، هەڵسووڕاو، ئەندام و لایەنگری ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

جێگای خۆیەتی بە زەمانێک ئیشارە بکەم لە نێوان ڕۆژەکانی دوای ڕاپەڕین تا کاتی هێرشی رژیمی ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان (٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧ تا ٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨ هەتاوی). پاش ئەوەی کە هیندێک ئاڵۆزی و بارگرژی لە جەرگەی خۆپیشاندانەکانی دژی ڕژیمی پاشایەتی ڕوویاندا کە دواتر باسی لێوە ئەکەم، تا ماوەیەکی زۆر لە شاری سەرپێڵ دڵەڕاوکە و بێ بڕوایی لە نێوان پێکهاتەکان بە دی دەکرا. بە پێچەوانەی شاری قەسری شیرین کە شارێکی سیاسی و تا ڕادەیەکی زۆر چەپ و لیبراڵ بوو، شاری سەرپێڵ (بەداخەوە) زۆرتر ڕۆخسارێکی عەشایەری و بێ سەرەو بەرەیی پێوە دیار بوو. لە جیاتی مەقەڕات و بارەگا و بنکەی ڕێکخراوی سیاسی، سەدان کەس لە شوێنێک کە پێیان ئەوت مەیدانچەکە کۆ دەبوونەوە و خەریکی کڕین و فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بوون. تەنانەت لە زۆر شوین دوای هەوا تاریک بوون، کەم کەس دەی وێرا بە ماشین هاتوو چۆ بکات .جەماعەتێکی جەردە و پیاو ڕووتۆکەر (چەند کەسێک) پەیدا ببوون کە شەوانە لە سەر ڕێگا و جادەکانی نێوان سەرپێڵ و قەسری شیرین ماشین یان ڕائەوەستان و سەرنشینەکانیان ڕووت ئەکردەوە. لە ئەو کەسانە کە ئەم کارە نامرۆڤانەیان ئەکرد پاشەن کە ئاوارەی عێراق بووین بۆ خەڵک ئاشکرا بوون کە چی کەسانێک بوون. بە داخەوە بە لانی کەمەوە من تا ئاوارەی عێراقیش بووین لە شاری سەرپێل نە هەر حیزبی کوردی، تەنانەت هیچ حیزبێکی ئێرانیشم نەبینی، بێجگە لە جەماعەتێک خەڵکی دەمارگرژ نەبێت کە بوون بە حیزبووڵایی و لە کۆمیتەی بە ناو شۆڕش (کۆمیتەی ئینقلاب) چەکیان هەڵگرت و دواتر بوون بە پاسدار و پیاوکوژی ڕژیم. ئەو شارە وای لێهاتبوو خەڵکی پشتی شاعەباسی کە یارسانی بوون بە زەحمەت هاتوو چۆی میرئەحمەدیان ئەکرد (کە شیعەمەزهەب بوون). یان خەڵکی میرئەحمەد و سەروەی پردەکە کە زۆرینە شێعە بوون بە ترسەوە دەهاتنە خوارەوەی پردەکە کە زۆرینەی یارسان و سۆنی مەزهەب بوون. ئەم وەزعە ئاڵۆزە لە نێوان مانگەکانی بەفرانباری ١٣٥٧ تا خاکەلێوەی ١٣٥٨ هەتاوی درێژەی هەبوو .بەڵام پیاو بۆ مێژوو بڵێ دواتر لە لایەن قسە ڕۆیشتوانی هر سێ لایەنەکە هەوڵ درا بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە و تا ڕادەیەکیش وەزعەکە باش بوو، تا کاتی فتواکەی ئائەتوڵا خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە ٢٨- ٥ -١٣٥٨ هەتاوی. دوایی کێشەکان هەم سەریان هەڵدایەوە.

هەر وەک لە بەشی چوارەمی ئەم باسەدا کە لە سەر سەلاس بوو باسم کردووە، ئێمە کۆمەڵێک لە گەنجانی سەرقڵا لە مانگی بانەمەڕی (اردیبهشت) ١٣٥٨ هەتاوی دەستمان دایە چالاکی حێزبی و سیاسی لە ناوچەکە و لە وانەش لە شاری سەرپێڵی زەهاو. لە ئەو سێ چوار مانگەدا کە دەرفتمان هەبوو هەر لە بڵاو کردنی ڕۆژنامە، پۆستەر، وێنەی شهید و نووسینی درووشم تا پڕوپاگاندەی هەڵبژاردن و ڕیکلام کردن بۆ کاندیدی حیزبی تودە (ڕەزا شەلتووکی کە لە سەر پێشنیاری حدکا لە ئەو کاتەدا بوو)، کۆتائیمان نەکرد. بێجگە لە ئێمە کە گروپێکی چەند کەسی بووین، دەبیسرا کەسانێکیتری خەڵکی سەرپێڵ هاتووچۆی مهاباد و سنەیان کردبێت و چاویان بە مامۆستا شێخ عێزەدین (یادی بە خێر) و کەسی حیزبە سیاسییەکان کەوتبێت. بەم شێوەیە چالاکیەکانی ئێمە تا فتوای ئایەتوڵا خۆمەینی لە دژی خەڵکی کوردستان (٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨) درێژەی کێشا. دواتر من و چەند کەسێکی ترمان چوینە عێراق و ئەوانیتر لە ئێران مانەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی کە لە هەورامان گەرامەوە بۆناوچەی سەلاسی باوەجانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی حێزبی، لە ئەو گەنجانەی زەهاو کە هاتنە نێو حیزب و بوون بە پێشمەرگە و لایەنگری حیزب، لە وانە کاک قادر ئەلیاسی، ئاسۆ موحەمەدی و فەرامەرز ئەڵماسی بیستمەوە کە لە کاتی ڕاگەیاندنی پەیامی بە ناو ئاشتیخوازانەی خۆمەینی بۆ خەڵکی کورد (دوای شەڕی سێ مانگە) گەنجەکانی سەپێڵ، بە تایبەتی سۆرانییەکان بۆ خۆشی دەربڕین هاتونەتە سەر شەقامەکان، ڕێپێوان و شایی و خۆشیان کردووە. کاک قادر ئەلیاسی لەم بارەوە ئاوا باسی بۆ کردم "دوای ئەوەی پەیامەکەی ئیمام خومەینی (پەیامی بە ناو ئاشتی لە گەڵ گەلی کورد) و لەبەیک وتنی حیزبی دیموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوی زیندە یاد لە ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتڵاعات بڵاو بووە، ئێمە کۆمەڵێک لە گەنجانی بە تایبەت

خوێندکار لە گەڵ چەند کەسیتری شارەکە دەستمان دایە نووسینی دروشم و بڵاو کردنەوەی نووسراوە. ئێمە لە ڕێگای ئەو ماشینە جیپانەی کە مسافرکێشییان ئەکرد نووسراەمان نارد بۆ ئاواییەکان، و داوامان لێ کردن کە لە ڕۆژی دیاریکراودا بێنە شار بۆ ڕێپێوان بۆ پشتیوانی لە ئاشتی و پێداگری لە سەر مافەکانی خەڵکی کورد. دوای چەند ڕۆژ لە ئامادەکاری، ئێمە خۆپیشاندانێکی تەقریبەن هەزار کەسیمان پێکهێنا .دروشمەکان ئاوەها بوون: دیموکراسی بۆ ئێران و خودختاری بۆ کوردستان، ڕێبەری ئێمە شێخ عێزەدینە و چەندها دروشمی تر. من خۆم سرودی ئەی ڕەقیبم خوێندەوە . جیگای خۆیەتی بڵێم کە بیجگە لە من (قادر)، موحەممەدی ئێناخ (یادی بەخیر)، غ.ش.ح، ئاسۆ موحەممەدی و ئ.م لە پێکهێنەرانی ئەو ڕێپێوانە بووین .بەشداربووان بە زۆری لە کوردانی سۆرانی و تا ڕادەیەکیش لە یارسانییەکان بوون."

شتیکی تریش لە سەر ڕووداەکانی شاری سەرپێڵ هەیە کە جێگای خۆیەتی کە باسی لێ بکرێت. هەر وەک چۆن لە سەر ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە هەورامانەوە باسی لێکرا، لە ئێرەش هەر بە هەمان شێوە و درووست لە گەڵ خۆپیشاندانەکانی دژی ڕژیمی پاشایەتی ( چەند مانگ پێش لە ڕووخانی ڕژیم)، کوردە شێعەکان کە زۆرتر لە قەسری شیرینەوە ڕێک دەخران، لە دژی ڕژیمی شاە خۆپیشاندانیان دەکرد. لە ئەم لایشەوە کۆنە ساواکییەکان و پیاوانی رژیم خەڵکانێکیان لە دێهاتەوە ئەهێنا بۆ شار بۆ پشتیوانی لە رژیمی شاە. پیاوانی سەر بە رژیم بە خەڵکی سونی مەزهەب و یارسانیان دەگووت ئەگەر خومەینی دەسڵات بە دەستەوە بگرێت، شیعەکان ئێوە لە ناو ئەبەن و بەم شێوەیە هەوڵیان ئەدا هەست و سۆزی ئەو خەڵکە هەڵخرێنن. بەداخەوە لە ئەم دوو بەرەی دژ بە یەکەدا چەند بشێوی هاتە ئاراوە .لە ئەم نێوەدا چەند دووکانێکی شیعە مەزهەبەکان لە لایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە تاڵان کران. شیعە بەرهەڵەستکارەکانی ڕژیمی شایش ڕۆژێک یان چەند ڕۆژ دواتر هاوکات کە خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخستبووە و خەڵکێکی زۆری شاری قەسریش تێدا بەشدار بوون، چەند دوکانیکی یارسانیەکانیان سووتاند. ئەم ڕووداوانە لە بەینی مانگەکانی بەفرانبار و ڕیبەندانی ١٣٥٧ هەتاوی ڕوویاندا. من خۆم ئەو کات بە زۆری لە سەرپێڵ دەژیام.

لە ئەو دوکانانە کە سووتێنران تا ئەو جێگایەی کە من لە بیرم بێت چەند دووکان و گاراجی خێڵی زوڵفەقاری و دوکانێکی پێڵاو فرۆشی سەلیمی حاتەمی بوون. لە ئەو دوکانانەش کە تاڵان کران و هی شێعەکان بوون، دەرمانخانەیەکی گەورە و دوکانێکی حاجی کەیایی، دوکانێکێ زۆر گەورەی پێداویستی نێوماڵ (یەخچاڵ، فریزەر و زۆر شتیتر) لە گەڵ یەک دوو دوکانیتر کە هی حاجی مەقسوودی و کەسێک تر بوون کە ئێستە لە بیرم نەماوە، پێموابێ هی حاجی عەلیزەمان بوو. دواتر کوڕێکی حاجی عەلیزەمان هاتە نێو حیزبی دیموکرات و بوو بە پێشمەرگە.

هەر وەک پێشتریش باسی لێوە کرا یەکێک لە ئەو هۆکارانە کە بەشێک لە ئەو خەڵکە ئاوارەی عێراق بوون، ترس لە تۆڵە سندنەوە لە لایەن ئاخوندە تازە بەدەسڵات گەیشتووەکان و دەست و پێوەندەکانیانەوە بوو. لە وانە حیزبووڵائیەکان و ئاخۆندەکانی ناوچەکەش.

ئەمانە بۆیە باس ئەکەم با جارێکیتر لە لایەن خەڵکانی خرابەوە تووشی هەمان بەزم نەبینەوە. بە دڵنیاییەو دەڵێم هەر ئێستە خەڵکانێک هەن چاوەڕوانن کە هەمان ڕۆژان سەر هەڵداتەوە بۆ تۆڵە ئەستاندن و ڕاو ڕووت کردن .ئەوەی کە من پێی گەشبینم ئەوەیە کە ئێستە ٣٣ ساڵ پێش نییە. خەڵک گۆڕاوە و خەڵکانی ئاگاە، دڵسۆز و بە ویژدان یەکجار زۆرترلە جارن دەبینرێن .ئێستە لە نێو هەموو پێکهاتەکان هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی لە ئاستێکی باشتردایە. ئەگەر چی بوونی جمووجوڵی ئیسلامی توندڕەوی لە جۆری قاعیدە و تاڵیبانیش لە ناوچەکە مەترسییەکی گەورەیە بۆ دوارۆژی ئەم دەڤەرە. بە داخەوە تا ئێستە چەندها گەنجی ئەم دەڤەرە و باقی ناوچە سونی مەزهەب نشینەکانی پارێزگای کرماشان، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ڕۆمادیە بوون یان لە ڕۆمادیەوە گەراونەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی بیری توندڕەوی ئیسلامیدا خۆیان لە عێراق و ئەفغانستان بە کوشتن داوە. ئەم گەنجانە دەکرا لە پێناوی بیری ڕزگاری کوردستان، ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا خەباتیان بکردایەت.

ڕووداوەکانی دواتر لە ناوچەکە

گوندی تەپانی کە یەکیکە لە گوندەکانی دەشتی زەهاو تا ساڵی ١٩٧٩ نزیکی ١٠٠ ماڵێک دەبوون. خەڵکەکەی جافی سۆرانی و سونی مەزهەبن. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی نۆڤەمبری ١٩٧٩ زایینی (دەڵێن ١١-١١-١٩٧٩) لە ئەم گوندە تێکهەڵچوونێک لە نێوان خەڵکی گوندەکە لە لایەک و پاسداران و کۆمیتەییەکانی سەر بە ڕژیم لە شاری سەرپێڵ

له لایەکی ترەوە ڕوو ئەدات کە بە وتەی خەڵکی تەپانی، لە خەڵکی گوندەکە ٥ کەس و لە هیزەکانی ڕژیم یەک کەس دەکوژرێن، جگە لە بریندار بوونی چەند کەسی دیکە. هۆکاری ئەم تێکهەڵچوونە دەگێرنەوە بۆ ئەوەی کە گوایە گرووپێک چەکداری ناوچەکە کە سەر بە عێراق و سەرداری جاف بوون، چەند ڕۆژ پێشتر لە سەر ڕێگای سەرپێڵ ــ کرماشان، لە نزیک پاتاق، پێش بە چەند ماشینێک دەگرن و لە ئەو نێوەدا چەند کەسێک بە دیل دەگرن بۆ ئەوەی کە بیانبەرن بۆ عێراق و تەسلیمی حکوومەتی بەعسیان بکەن. ئەو هێزەی ڕژیم کە دەکەونە شوێن ئەو گرووپە چەکدارە بە وتەی خەڵکی تەپانی (بە هەڵکەوت دەکەونە شوین ماشینێک کە کەسێکی چەکداری خەڵکی گوندەکەی تێدا بووە)، دێن و دەوری گوندەی تەپانی ئەگرن، بە ئەو مەبەستەی کە گوایە ئەو چەکدارانە لە ئەوێ خۆیان حەشار دابێت .لە ئەو پرس و جۆیانەی کە من لە سەر ئەو ڕووداوە کردم بێجگە لە خەڵکی گوندەکە نەبێت کە بۆ خۆیان چەکیان هەبووە، و چەند چەکێکی سەردار جافیش لە لای یەک دوو کەسی گوندەکە بوو بێت، هیچ چەکدارێتر لە کاتی ئەو ڕووداوە لە گوندەکەیان نەبووە. بە تایبەت ئەو گرووپە چەکدارانە کە مەبەستی هێزەکەی ڕژیم بووە.

ئاوارە بوونی خەڵکی ئەم دەڤەرە بۆ عێراق

لە دوو کاتی جیاوازدا کە پێشتر باسم لێوە کردووە نزیک بە ٩ هەزار بنەماڵەی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەڤەری سەلاسی باوەجانی تا جوانرۆ و ئێناخی، سەرپێلی زەهاو، قەسری شێرین و داڵاهۆ ئاوارەی عێراق بوون کە پاش دوو بۆ سێ ساڵ مانەوەیان لە باشووری کوردستان و لە ئەو ئۆردووگایانە کە پێشتر نێوم هێناون، لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢ زایینی حکوومەتی ئەو کاتی عێراق دەستی کرد بە گواستنەوەیان بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیە، هەڵکەوتوو لە ١٣٠ کیلۆمیتری ڕۆژئاوای بەغداد. لە بەشی چوارەم، بەشی سەلاسی باوەجانیدا، باسم لە ئەوە کرد کە پتر لە ٤ هەزار ماڵ لە ئەو ٩ هەزار ماڵە خەڵکانی سەر بە شارستانی سەلاس بوون .باقی ئەو خەڵکە بێجگە لە کەمتر لە هەزار ماڵێکی نەبێت کە خەڵکانی سەر بە چەند گوندی سۆرانی و سونی مەزهەبی دەور و بەری قەسری شیرین، چەندین گوندی یارسان نشینی سەر بە شارستانی داڵاهۆ و چەندین شوێنی تر بوون، ئەوانیتری خەڵکی سەر بە شارستانی سەرپێڵی زەهاو بوون. کە بە کورتی بەم شیوەیە دەهاتنە ئەژماردن: هەموو عەشیرەتەکانی سەر بە گۆران و قەڵخانی لە بەینی ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ماڵ .
باقی عەشرەتەکانیتر تەقریبەن ئاوەها بوون :تایشەیی نزیکی ٧٠٠ ماڵ، بێویانی ٣٠٠ ماڵ، ئەلیاسی ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ ماڵ، تەپانی ١٠٠ ماڵ، لەیلکی و قەڵخانچەک ٢٠٠ ماڵ، سۆفی ٥٠ تا ٦٠ ماڵ، قادری (زەهاو) ٧٠ بۆ ٨٠ ماڵ، کڵاشی (زەهاو) ١٠٠ ماڵ، کۆئیک ٢٠٠ ماڵ و ١٠٠ ماڵێکیتری خێڵی دارا و ئەم لاو ئەولایتر. یارسانەکان بەشێکی بەرچاویان لە ئێران مانەوە، بەڵام جافەکانی زەهاو بە زۆری لە سەدا نەوەدی (٨٠%) ئاوارەی عیراق بوون .ئەم خەڵکە هەر وەک لە بەشی چوارەمدا باسم کردووە، پاش دوو، سێ ساڵ مانەوەیان لە باشووری کوردستان و بەدی نەهێنانی مەرامەکانی حکوومەتی عراق، بەرەو ئۆردووگای ڕۆمادیە ڕاگوێزران. لە ئەو خەڵکەی زەهاو کە هاتنە عێراق ١٥ تا ٢٠ گرووپی چەکدار پێکهات کە بەشێکیان سەر بە جەماعەتی سەردار بەگی جاف و بەشێکی تریشیان سەر بە مخابراتی عێراقی بوون. هەر وەک پێشتر باسم کردووە، کارێکی باش کە ئەو گرووپە چەکدارانە کردیان ئەوە بوو کە حازر نەبوون شەڕی کوردی باشوور بکەن. لە ناو گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئەم ناوچەیە بەشێکیان لە باری ماڵی، چەک و تەقەمەنییەوە زۆر یارمەتی حیزبی دیموکراتیان لە ناوچەکە ئەدا. بە گشتی بێجگە لە چەند گرووپێکی ناسراو لە نێو جەماعەتەکەی سەردار بەگی جاف نەبێت کە خۆشیان لە بوونی حیزبی دیمووکرات لە ناوچەکە نەدەهات زۆربەی ئەوانی تر یارمەتی باشیان بە حدکا ئەکرد .هاوکات نابێت لە بیریشمان بچێت کە لە لایەن کەسانێک یان دەستە و تاقمگەلێک لە ئەو چەکدارانە زۆر کاری نامرۆڤانە لە ناوچەکە کراوە کە نابێت مێژوو لە بیریان بکات. ئەگەر تەمەن مەجاڵ بدات هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکە هەر لە ئاوارە بوونی ئەو خەڵکەوە بگرە تا چەکداری کردنیان، تا هۆی ناردنیان بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیە و ژیانی ٢٧ ــ ٢٨ ساڵەیان لە ئەو ئۆردووگایە، ڕووکردنیان لە سیاسەت و حیزبایەتی وزۆر شتی تر دەنووسم و دەیکەم بە بەڵگە و دیکوومەنەت. با ئەم مێژووە پڕ لە ئێش و ئازارە بە ئاسانی لە بیر نەچێتەوە .با منداڵەکانمان بزانن بۆ لە ئاوارەییدا لە دایک بوون. با مێژوو چاکە و خرابە، خزمەت و خەیانەتی کەس لە بیر نەکات.

هەر وەک زۆر جار باسم کردووە، لە ٢٠-٧-١٩٨٢ زایینی یەکەم کاروانی کوردی ڕۆژهەڵات، کە بە زۆری خەڵکی ناوچە سەر سنووریەکانی سەلاسی باوەجانی، سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرین و چەند شوێنێکی تری پارێزگای کرماشان بوون لە ئۆردووگای سەنگەرەوە بۆ ڕۆمادیە دەستی پێکرد. بۆ ماوەی کەمتر لە یەکسال تەقریبەن هەموو ئەو خەڵکە کە لە ئۆردووگاکانی سەنگەر، دەورە، ناحیەی قورەتوو، سەر بە شارستانی خانەقین، ئۆردووگاکانی دسکەرە، عەربەت، باریکە و چوارقورنە کە لە سەر بە پارێزگای سلێمانی بوون، کۆکرانەوە و ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیە کە بە ئەلتاش کەمپ نێوی دەرکرد. ئەو خەڵکە لە ڕۆمادیە تووشی زۆر نەهامەتی هاتن کە هیوادارم بتوانم بە یارمەتی خەڵکی دڵسۆز لە داهاتوودا شتێک لە سەر ژیان و مەینەت و ئازارەکانیان بنووسم.

حیزبە کوردیەکان پاش یەک، دوو ساڵ لە دروست بوونی ئۆردووگای ڕۆمادیە دەستیان کرد بە گرتنی پێوەندی لە گەڵ دانیشتوانەکەی کە ٨ بۆ ٩ هەزارماڵێک دەبوون. هەر وەک لە سەرەوە باسم کرد ئەو خەڵکە بە زۆری خەڵکی سەلاسی باوەجانی، سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرین، داڵاهۆ و چەند جێگایەکی تری پارێزگای کرماشان بوون. من تا ئەو کاتەی کە لە گەڵ خانەوادەم لە ٢١ -٧-١٩٨٢ زایینی لە ئۆردووگای سەنگەرەوە (لە گەڵ عەشرەتی قادرمرەویسی) ڕاگویزراین بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیە، هەر کەم تا زۆر پێوەندیم بە حیزبی دیمووکراتەوە مابوو. بەڵام کە چوومە ڕۆمادیە ئەو پێوەندیانە کۆتاییان پێ هات. لە ساڵی یەکەمی ژیانم لە ڕۆمادیە زۆرتر بیرم لە ئەوە ئەکردەوە کە چی بکەم کە منداڵەکانم لە برسیەتی ڕزگار بکەم. حکوومەتی ئەو کاتی عێراق بۆ ماوەی ٧ – ٨ مانگێک هیچ یارمەتییەکی بە ئەو خەڵکە نەکرد. ئێمەش هەر وەک سەدان و هەزاران بنەماڵەی تر تووشی هەژاری و نەداری بووین. بە تایبەت من کە لە ژیانی پێشمەرگایەتییەوە گەڕابوومەوە. لە گەڵ چەند کەسێکی تر لە خزمانم دەستمان کرد بە کاسبی کردن، و بە ئەو شێوەیە توانیمان بە گژ هەژاریدا بچینەوە. ساڵێک بە ئەم شێوەیە گوزەرا. لە ئەو سەردەمەدا بوو کە کۆمەڵەش گوردانێک پێشمەرگەی نارد بۆ ناوچەی بەمۆی سەر بە سەلاسی باوەجانی. من لە زستانی ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی بوو یان بەهاری ١٩٨٤ لە ڕۆمادیەوە لە ڕێگای نووسینی نامەیەک کە بە خ. پ.دا ناردم، پێوەندیم کرد بە کۆمەڵەوە. دواتر هەر وەک لە بەشی ٤ دا باسم کردووە حیزبەکان کەوتنە پێوەندی گرتن لە گەڵ ئەو خەڵکە. خەڵکێکی زۆر و بە تایبەت لاوەکان ڕوویان لە حیزبایەتی و سیاسەت کردن کرد. لە خەڵکانی سەر بە شارستانی سەرپێڵی زەهاویش کە لە ڕۆمادیە گیرسابوونەوە، سەدان کەس ڕوویان کردە پێشمەرگایەتی و حیزبایەتی. حیزبی دیمووکرات کە پێشتر لە ناوچەکە بە هیمەتی ئێمەمانان مێژووی خەبات تێکۆشانی هەبوو و ناسراوتر بوو، توانی زۆربەی خەڵکەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. لە بەینی ساڵەکانی ١٣٦٢ تا ئەم ئاخرانە دەیان و بگرە سەدان گەنجی ناوچەی زەهاو ودالاهۆ ڕوویان لە پێشمەرگایەتی کرد و چەندین کەسیشیان لێ شەهید بوو.

هەر وەها بەشێکی بەرچاو لە ئەو کەسانەش کە لە نێوان سالەکانی ١٣٦٢ و ١٣٦٣ بە ناوی جنبش مقاومت مردم اهل حق کە لە بەمۆ مەقەڕیان هەبوو، دوای ئەوەی (بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەو بزووتنەوەیە) کە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە ئاستەنگیان بۆ درووست بوو، کۆتاییان بە چالاکییان هێنا. دواتر چەندین کەس لە ئەندامەکانیان چوونە نێو هێزی دالاهۆی حدکا و گوردانی داڵاهۆی کۆمەڵە. یەک، دوو کەسێشیان چوونە نێو ڕێکخراوی ڕەنجبەران، کە ڕێکخراوێکی چەپی بەر هەڵەستکاری ئێرانی بوو. باقییەکەشیان گەڕانەوە بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیە.

لە ڕۆمادیەش کار و تێکۆشانی حیزبەکان، بە تایبەی دیموکرات و کۆمەلە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشە کردندا بوو، هەر بۆیە هەر دوو لایەن، هەر یەکە و کۆمیتەی حیزبی خۆی پێکهێنا. دیارە ڕێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێرانیش هەر لە ڕۆمادیە کۆمیتەیان هەبوو، بەڵام سەرەڕای ئیمکاناتێکی زۆر کە هەیان بوو بە پێی پێویست خەڵک بە لایاندا نەدەچوو. جار و باریش سازمانی خەبات و ڕێکخراوی ڕەنجبەران هاتووچۆی ئۆردووگایان ئەکرد، بەڵام تا ئەو جێگەی من لە بیرم بێت کەسێکی ئەوتۆیان لە گەڵ نەکەوت. بێجگە لە یەک دوو خانەوادە نەبێت کە بوون بە لایەنگری ڕەنجبەران و یەک دوو کەسیش چوونە نێو خەبات. دیارە لە کاتی جیا بوونەوە لە ڕیزەکانی حدکا لە ١٣٦٧ هەتاوی، لایەنگرانی ناسراو بە حدکا ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیش کار و چالاکی خۆیان دەست پێکرد کە لە گەڵ کۆمەڵێک کێشە و ناخۆشی لە گەڵ لایەنی بەرانبەردا ڕووبە ڕوو بوونەوە. واتە لە گەڵ لایەنگرانی حدکای پەیڕەوی کۆنگرەی هەشتەم.

بۆ ئەوی خۆێنەری بەڕێز لە ئەوە زیاتر بە ئەم باسەوە ماندوو نەکەم، بەڵێن ئەدەم لە دەرفەتێکی گونجاودا لە سەر ئۆردووگای ڕۆمادیە بابەتێکی تێر و تەسەل بنووسم .بە ئەم شێوەیە ئەم بەشەی نووسراوەکەم بە ئەو چەند دێرەی خوارەوە کۆتایی پێدێنم.

بە گشتی ئێستە دەیان و بگرە سەدان کەسی هەڵسووڕاوی ئەم دەڤەرە هەن کە لە بواری کاری سیاسی، مەدەنی وکۆمەڵایەتیدا چالاکن. لە نێو ڕێکخراوەکاندا ڕۆڵی گرنگیان هەیە. هەر وەها کۆمەڵێک لە کوردانی یارسانی کە خەڵکی ئەم دەڤەرەن و لە دەرەوەی ولات ئەژین چەند ساڵ پێش دوو ڕێکخراویان پێکهێناوە کە بریتین لە ڕێکخراوی یاریکورد و بزوتنەوەی دیموکراتی یارسان. ئیستە باس لە ئەوە دەکرێت کە ئەم دوو لایەنە بە تەمان ببن بە یەک ڕێکخراو.

سپاس و پێزانین!

جێگەی خۆیەتی کە سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەم بەڕێزانە بکەم کە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم بەشە لە باسەکەم یارمەتییان داوم. بەرێز کاک ڕەحیم موحەمەدی لە سەر ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە دەشتی زەهاوە و ناساندنی خەڵکی چەند گوندێک بە خۆێنەر. مامۆ سەڵمان سەیفووری و کاک کاخانی نیکبەخت لە سەر ئاواییە یارسان نشینەکانی دەور و بەری سەرپێڵ و ڕوونکردنەوەی ڕووداوی گوندی قوچی باشی لە ناوچەی بێونیژی سەر بە کرند لە لایەن کاک کاخانی بەڕێزەوە .کاک مەنسووری یاری لە سەر گوندەکانی قڵاوڕی. کاک حەمیدی تەیمووری لە سەر ڕێکەوتننامەی زەهاو کە زانیاری پێ بەخشیم. کاک مەحموودی تالیب کە لە سەر ڕووداوی گوندی تەپانی زانیاری پێداوم. سپاس بۆ بەڕێز کاک م. علیمرادی کە لە ڕێگای ئێ مەیلەوە لە مێژووی بزووتنەوەی بەرگری خەڵکی ئەهلی هەق (یارسان (لە سالەکانی ١٣٦٢ بۆ ١٣٦٣ زانیاری پێ بەخشیوم. سپاس بۆ کاک قادر ئەلیاسی کە لە سەر دەوری خەڵکی سەرپێڵ لە کاتی پەیامەکەی ئایەتووڵا خومەینی بۆ بە ناو ئاشتی کردن لە گەڵ خەڵکی کورد زانیاری پێدام. سپاس بۆ کاک بەرزوی ئەحمەدیش کە چەند جار بە پرسیار لێ کردن لە کاتیانم گرتووە و یارمەتی داوم.

سەرچاوە:

نەقشەی ئێران لە چاپ دراوی ١٣٨٥ هەتاوی. سایتی ویکی پێدیا کە ئەویش لە زۆر سەرچاوە کەڵک وەردەگرێت. زانیارییەکانی نوسەر و هاوکات کۆ کردنەوەی زانیاری لە لایەن ئەو کەسانەی ناوچەکە کە لە سەرەوە نێویانم هێناوە . بەشی شەشەم لە سەر شارستانی قەسری شیرین و گێلانی ڕۆژئاوایە. چاوەروان بن!